یادنامەی
مەیتکای
عومرێک

سەرکەوت رەسوڵ

یادنامەی مەیتکای عومرێک

شیعر

سەرکەوت رەسوڵ

لە ١٨/١٠/١٩٩٤ نووسراوە
لە ١٠/٦/١٩٩٥ تەواوبووە

ناوی کتێب: یادنامەی مەیتگای عومرێک
شاعیر: سەرکەوت رەسوڵ
تایپ و پیتچنین: ئەیوب یوسف
نەخشەسازی:
چاپی یەکەم کوردستان ٢٠٠٦
تیراژ:
چاپخانە:
ژمارەی سپاردن:
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ()

پێشەکی

نووسینی شیعر، وەک شوون هەڵگرتنی جێ پێی گورگێکە لەسەر بەفر رێ بکات و بەردەوامیش بەفر ببارێ، ئاسەوارەکانیش چاو بخەڵەتێنن.. تا چاوی گەورەترین شوون هەڵگری دونیاش درکیان پێ نەکات. پیاسەکانی سەر لمی بیابانیش بە هەمان چەشن، وات لێ دەکات مامەڵە لەگەڵ هەڵهێنجانی شت لە شت بکەیت و (ئیجتیهاد) لەسەر هەڵکردنی (با) بینا بکەیت، خوێندنەوەی شیعریش دیتنێکە بە چاویلکەی شتەکانی تر، قورسترین نیگاپرژێنی لێ دەکەوێتەوەو شی کردنەوەی شیعریش لە کاتی گوێ گرتنی یان خوێندنەوەی، دەمێنێتەوە سەر لایەنە سایکۆلۆژیەکەی گوێگر یان خوێنەر لە لای دەبێت، ئەگە ساواری خواردبێت و باش هەزمی نەکردبێت، جوانترین دێرە شیعری نالیش لەلای دەبێت بە هاوکێشە ماتماتیکی!

یانیش زەروورەت و پێداویستییەکان وادەکەن سەرجەم ماناکانی شیعرو بوون و نەبوونی قبوڵ بکرێ یان رەت بکرێتەوە، بۆ نموونە عاشق نییە دوو دێرە شیعری لەبەر نەبێ. گوزارشتی لە خەمەکانی ئەو کردووە، یان ئەوەی (ئەو) ویستوویەتی دەری ببڕێت بەامبەر عاشقەکەی نەیتوانیوە، لەو دێرە شیعرە قەرەبووی هەستەکانی بۆ کراوەتەوە، دیارە ئەوانە هیچیان ناچنە ناو خانەی هەڵسەنگان و شی کردنەوەو قبوڵ کردن و رەت کردنەوەی شیعر.. شیعر بەگوێ گرتن هەڵناسەنگێندرێ.. (هەروەک چۆن نابیغە ژوبیانی لەسەردەمی

جاهیلیدا دەیکرد)... شیعر خوێندنەوە: هەر چۆن لە کەش و هەوای جیاجیاداو لە شوێنی شیاو بەرهەم دێت.. کەش و هەوای خوێندنەوەش ئاوها، شوێنی خوێندنەوەش لە لایەکی تر کار لەسەر حوکمدان دەکات لەسەر شیعر.. زۆر کەس رۆشنبیری شیعری نییە. گازاندەی تێگەیشتن لە شاعیر دەکات.. شاعیریش نابێت ببێتە مامۆستای بیرکاری..!! من باوەڕم وایە شاعیر پێویست ناکات هەموو ئەزموون و تایکردنەوەو ماندوبوونی خۆی لەسەردەست دانێ و خوێنەرێکی لای دەبێت و بە حازری هەموو شتێکی لێ لووش بکات، بەڵکو پێویستە چەند بازنەیەک بکێشێ:

١-بازنەی یەکەم بۆ تێگەیاندن. ٢-بازنەی دووەم بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەی بەبێ غەدر کردن لە هونەرەکەی. ٣-بازنەی سێیەم ئەو هەقیقەتانەی پێویستە رەهەندەکانی فیکرو وشیاری پەردەی لەسەر لادات (رەخنە).

هەر هەموو ئەو بازنانەش بە زمان دەکێشرێن، لە دەرەوەی زماندا شتێک نییە پێ بنازین!! زمان ناسنامەی نەمری بە نووسەر دەبەخشێت!! ئیش کردن لە ئەدەبدا، بە هەموو ژانرەکانیەوە ئیش کردنە لە ناو زمان و کەینونەی زمان سەراوبن کردنەوەی هەمان بوخچەی وشەیە کە یەکێکی تر پاش تەواوبوونی ئیشەکانی (کە تەواوبوونی بۆ نیە) گرێی داوەتەوە.

بەکارهێنانەوەی هەمان جامی کوپەیەکی خێراتە کە لەسەر رێگادا دێنە رێمان و ئاوی پێ دەخۆینەوە. (حێرو ئاو) ئەگەر توێکڵە فەرهەنگیەکەیان لێ فڕێ دەین بەرامبەر ئەدەب و زمان دەوەستن! ئەو هەموو شیعرو چیرۆک و رۆمان و پەخشان و وتارو...هتد هەموو بە (٣٨) پیت دەنووسرێنەوە، ئەم (٣٨) پیتەش چەند ملیۆنێک وشە پێک دەهێنن، ئەم وشانەش چەند دەقێکی داهێنەرانە بەرهەم دەهێنن، ئەم بەرهەمانەش بەهەمان فەرهەنگ و بە هەمان دابڕان (قگیعە) هەیە، دابڕان بەو مانایەی رەت کردنەوەی هەموو ئەوانەی پێشی خۆت بەبیرو بۆچوون تەکنیک و

چۆنیەتی بەکارهێنانی زامن و هەموو شێوە مومکینەکانی دەربڕینی زمانەوانی، زۆرشتی دیش، تەجاوزی بکەی.

سەرەتاییترین شیعری مرۆڤ ئێستا بە تەکنیکی هەیە لە نوێترین قەسیدەی شاعیرە هاوچەرخەکانمان کەواتە ئێمـــە کاری یەکتـــر تەواو دەکەین و ئەگەر (قگیعە) لە فیکردا هەبێت ئەوا لەشـــیعر یان نییە یانیش ئەگەر هەبێت پرۆەی کەسێکی ترە تەواوی دەکەین. واتە گرێدانەوەی هێڵێکی پچڕاوی یەکێکی ترە بەهی خۆمان.

نووسەری ئاوریشمی ئەو نووسەرەیە، ناز لەسەر کەس ناکات و بە خشکەخشکی داهێنان ماددەیەکی جوانی داهێنراو لەدوای خۆی جێ دەهێڵێ و ئاوڕی بۆناداتەوە (ئێمەی مرۆڤ تائێســـتا وانەی دابڕان لەو بۆماوەیەی کە وتراوە، لە کرمی ئاوریشم فێرنابین، ئاوریشم زۆر زووتر لە میشال فۆکۆ درکی بە دابڕان "قگیعە" کردووە!!)

شیعر هاوکێشەیەکی کیمیاوی نییە لە تاقیگەکاندا چەند ماددەیەک تێکەڵ بکەین و ماددەیەکی نوێمان بداتە دەست، نهێنی شیعر زۆر لەوە گەورەترە ئێمە دەست نیشانی بکەین چییە!!

بەو انایەی هیچ شـــتێک نییە کۆی بکەینەوە لەگەڵ شـــتێکی تر یەکسان بێ بەشیعر، بەڵام لە کۆتاییشدا خۆ نووسینەوەی خودی شاعیرە بێ کەم و کۆو دابەش و جاران کردنی هیچ شتێک!! حەزناکەم لە دەرەوەی شیعر بدوێم و ناشـــمەوێ دەبەنگێتی شیعر پێناســـەکردن جارێکی تر دووبارە بکەمەوە. لەبەر ئەوەی (شیعر، شیعر.. شەکریش شەکر)[1]

مەبەســـتیش لە دەرەوەی شـــیعر هەموو ئەو چەقە چەق و دەم دەمانێ و لەبەرکردنەوەی قسەی کاوێژکراوی دەم یەکتـــرە. کە لە کۆتاییدا سەفســـە تەبازی و هونەری خوتبەدانی لـــێ دەکەوێتەوە!! لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆ کارێکی قورســـە، نامیلکەی شـــیعرو دیوان فرێ بدەینە ناو بازاڕ. بەڕاســـتی من لە بڵاوکردنەوەی دەترسێم. ترسێک

لەوەی نەوەک شتێکم لەسەر شیعری کوردی زیاد نەکردبێت.. یان لەوەی بکەومە ژێر حوکمی یاسای خوێنەری باو. (خوێنەری باو مەبەســت لەوانەیە کە تەنیا بۆ ئەو شــتانە دەگەڕێ لە دەقەکاندا کە پێداویستییەکانی خودی ئەو و یادەوەرییەکانی پێ رەحەت سزدەبێ)!! لە بەرامبەردا خوێنەرێک هەیە، پرسیاری ئەوە دەکات دەقەکە چی لە (ئەو) دەوێ، یان تا چەند لە دڵەڕاوکێیەکانی زیاد دەکات و پرســیارەکانی کەڵلەی تا چەند بەخوێندنەوەی دەقەکە زیاتر دەبێ.. گەڕان بەدوای هەقیقەت و ماهیەتی شتەکان ئامانجی خوێنەری باونییە.

شیعر لە پاشەکشێ دایە؟! ئایا شیعر تەواو؟! جارێکی تر ژووان لەگەڵ کچی هەستە پاکەکانی شیعر ناگرین؟! شاعیرەکان هەر ئەوەندەیان بۆ وتراو بەس، ئیتر ناو لەپیان ئاشکرا بوو.. کەس متمانەی شاعیریەتیان پێ ناداتەوە؟! ئایا لەگەڵ دۆڕانی بەها جوانەکان و لەدەســتدانی.. سەنگینی خودو کەسایەتی مرۆڤ، لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەهای ماددی شتەکان و نزمبوونەوەی بەها رۆحی و مەعنەوییەکان، ئیتر راستگۆیی لەدەست چوو؟! هەروەک چۆن گوناه بە پاکی دەکرێ و ئیدیعای کەموکورتییەکانمان بە شتی تر قەرەبوو دەکەینەوە، هەروەک چۆن بەرامبەر هەر شتێک بترســێین بە ئیدیعاکردن بەرامبەری خۆمان پێ پاڵەوانە، دەکرێ هەر شــیعرمان هەبێت گۆڕپانی خۆبەتاڵ کردنی هەموو شــەلەلی و ســەقەت بوون و پەککەوتنی عەقڵ و عاتیفە بێ و قەرەبووی شت بەشتمان بۆ بکاتەوە!! دەکرێ چاوەڕوانبین کۆمپیوتەر هەستەکانمان بۆ بکاتە شیعرو موچڕکی ئۆخەمان پێ ببەخشێ!

لەناو مەعدەنەکان ئاســن و پۆڵا.. لە رووی موگناتیســەبوونەوە.. دوو باری جیایان هەیە پۆڵا زووتر دەبێتە موگناتیس، ئاســن بەپێچەوانەی. پۆڵا زووتریش موگناتیسیەت لەدەست دەدات و ئاسن درەنگتر...!! هەروەک چۆن عاشق بوونیش دووجۆرە، عاشق بوون تاسەرئێسقان، عاشق بوون بە ئولفەت و خوو پێوەگرتن.

له پۆلین کردنی ژانره ئەدەبییەکان، کامیان دەچێتە پۆلی ئاسن و کامیان دەچێتە پۆلی پۆلا؟! ئایا شیعر لە کامە پۆلین خۆی دەبینێتەوە بە بڕوای من ململانێ لەنێوان ڕۆمان و شیعرە.. شیعر لە پاشەکشە دایە، بەلام هەر دەمێنێ، ئەدۆنیس واتەنی: "هەمیشە لەناو هەموو میللەتێک و لە هەموو زەمانێکدا هەزار شێت دەمێنێ شیعر بخوێنێتەوە، ئەوەندەش بەسە!!"[٢].

وەکو (نزار قەبانی) بە دووری نازانم لە داهاتوودا دەرمانخانەکانی پاش سەردەمی سازدانی گەشتەکانی (مەریخ) شیعر بۆ سەر ئێشەو ووریاکردنەوەو هێمن کردنەوەو هەتاوەکو خەملاندنی هەستەکانی مرۆڤ بە راچێتەی دکتۆر بەش بکرێتەوە!!

لەو سەردەمەی کە جورئەت لە دەماری پیاو نەماوە (جورئەت بە ماناو دیموکراسیەکەی لەسەر ماف و ئازادی بە وەلام هاتن) رەنگە شیعرێکی پەشێو وزەی جورئەت نواندنمان پێ ببەخشێ.. لە کاتێکدا هەستی جوان پەرستی مردووە، رەنگە شیعرێکی گودان دونیا بینی جوان پەرستیمان رۆشن بکاتەوە.. لە کاتێکدا هەموومان کەوتووینە ناو خولخەی مادديات رەنگە شیعرێکی مەحوی جلی بەریشمان لەبەر دامالێ. لەو زەمانەی کە کورد یادەوەری وێران بووە رەنگە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس گەرای رقی پیرۆز لەبیر هێنانەوەی مێژووی تاریکمان بچێنێ! کە مرۆڤیش هەستی پرسیارکردن و گرفتی دوودڵی پرسیارێکی فیکری قووڵ لە خۆی و لە دەوروبەری بکات!

شیعر دەمێنێ.. هەتا مرۆڤ بمێنێ...

خوێنەری بەڕێز..

زۆر پێویستە روون کردنەوەیەک دەربارەی ئەم قەسیدەیە بخەمە بەردیت ئەویش ئەوەیە کە ئەم شیعرە لە

نزیکەی (٢٠) کۆڕی جیاجیاو لە چەندان چاوپێکەوتنی ڕۆنامەو گۆڤارو ڕادیۆو تەلەڤزیۆنەکان و بە کاسێتی تۆمارکراو و بەدەستنووسی ئەو دەست ئەو دەست بڵاوکراوەتەوە.. ساڵی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ (١٩٩٥-١٩٩٦) وەکو ئەمانەتێکی مێژوویی یەک حەرف و نوقتەو فاریزەی لێ دەستکاری نەکراوە.. لەبەر ئەوەی باوەڕم وایە ئەو قەسیدەیە بە هەموو مەبەستە بارکراوەکانییەوەو بە هەموو کەموکورتییەکانیەوە بەشێکە لە مێژووی نووسین و تێگەیشتنی من لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی من هەڵچوون و داچوون و شیاو و نەشیاوی ڕوئیای منی پێوە دیارە، ئەگەر بە چاویلکەی ئێستام لێی بڕوانم. تێبینیم لەسەر بەشێک یان دێڕێک یان وشەیەک هەبێت، بەڵام هەروەک وتم ئەمانەتی مێژوویی وام لێ دەکات دەستکاری نەکەم هەرچەند بە مافێکی ڕەوای خۆمی دەزانم، چونکە نووسین هەتا دەگاتە بڕیاردان لەسەر چاپ کردنی موڵکی نووسەرەکەیەتی هەرچی لێ بکات!! زۆر بە ساکارییەوە ئەم بەرهەمە دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانم.. هەر هیچ نەبێ با دەستپێکی بڵاوکردنەوەم بەرهەمی شەونخونی ڕۆژانی زووی تەمەنی ئەدەبیم بێ.. بۆ ئەوەی ئەزموونی خۆم بەیان بکەم دەبێ لەسەرەداوەکانی گلۆڵەکە دەست پێبکەم...

١- لەتیف هەڵمەت.

٢- گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس.. وەرگێڕانی:نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. ل٢١٥.

بەشی یەکەم:

"ئەو یادانەی پێیان دەژیم"

"جاران کە خۆشت دەویستم،
وامئەزانی ڕۆژێ نایێ لە بیرم بکەی!
وامئەزانی ڕۆژێ نایێ. تا مردنیش زویرم کەی!
جاران کە بۆیەک دەسووتاین.. هەروەکو ماسی و ئاو وابووین
چرکەیەک لێک دانە ئەبڕاین . هەر لە خەیاڵی یەک دابووین."
تا ناومان لە یەکەم منداڵ ناو"ئاخ بۆ ڕێنسانس"!،
بەقەدر بوونی خۆشەویستی، لە بوونی ئەو دڵنیا بووین!
ڕۆژان هاتن و بەسەر چوون...
تۆ وون بوویت و زۆر شت وون بوون
عیشقی ئێمەش بووە شەوێک،
لە شەوانی درێژی هەزارو یەکی بوون و نەبوون!

ئەو عیشقەی کەپێی کوڵا بووین،
ئەو سەرچاوەی، کە لەوێوەوە هەڵقوڵابووین،
ئەو شێتی یەی کە هەردووکمان بەشێتی تیایدا"فەنا"بووین!
ئێستا بوونە بیرەوەری!
نەتۆی پەری! نە منی کوڕە کۆچەری!
نەمانتوانی بۆ سەبووری ی، ئاواتێکیش، بینە سایەو سێبەری!
ئەوسای جاران! کە لە ژووری، ئەڤینداری یەک دڵا بووین!
تۆ سوێندت بەسەری من ئەخوارد.. من قەسەمم بەچاوی تۆ!
چەند زوڵممان لە عەشق کرد!
لە کاتێکا. هەر بەقسەش. سەرسەختی چیاو پۆڵا بووین!
هەر وەکو دوو دەلاڵی زام!
دوو درۆزنی ساختەچی و چەرچی حەزی نقۆڵا بووین!

ئیتر شەوان! ئەم پەنجەرانە بکەوە!
ئەگەر راست بێ و تۆ عاشق بی
زۆر دڵنیام چاوانت دووژمنی خەوە!
ئەگەر منت خۆش ویستبێ،
بەگومانم.. بەنیگاییێکی سەرپێ یی ئارەزووش بێ
ئاوڕ بۆمانگی ئاسمانیش نا دەیتەوە!
ئەگەر عاشق بەمن بووبی،
هەر جریوەی مەلێکت بیست. ئەوە هەوە!،
تریفەی مانگیشت بینی. ئەوە هەوە!،

گەر تاریکیش شەوانە شەوباشی لێت کرد ئەوە هەوە!،
ئەگەر چاوێکی ماندوو هات، هەڵترووشکا لە بەردەم هەیکەلی باڵات،ئەوە هەوە!،
گەر دەستێکی بە مەرەکەب هانای هێنا،
شیعری قژت بۆ بنووسێ. ئەوە هەوە!،
ئەگەر ئاوازێک گوێ بیست بووی،
ئەگەر هاوارێک هاتە گوێت ئەوە هەوە!،
ئەوە دەنگ و ڕەنگی منن. کە دەمێکە لەتۆ وونن،
بۆ لات هاتوون. پەنجەرەیان لێ بکەوە!
***

تۆ!!! ئاخ لەتۆ!!!
تۆ برینی و ساڕێژ بوونیشت بۆ نیە!
تۆ ئازارێکی نەمری و
لە ناوچوونیشت بۆ نیە!
تۆ شەوێکی پڕ کابووسی و ئاوا بوونیشت بۆنیە!
هەرچۆن هەموو شتێکی بۆم! جار جارە بوونیشت نیە!
تۆ ئاخ لەتۆ!.. گەورەترین قارەمانی بێ وەفایی عەشقی گەورەی سەدەی بیستی!
***

ئازیز ترین یادی منی و.. گەورەترین زامی منی!
تۆ! ئاخ لەتۆ!.. ئەی هێتلەری خۆشەویستی!
تۆ مەداری هەموو بوونی و
بوون لە تۆ ئەسوڕێتەوە!
شەماڵی گشت کوێستانەکان
لە هەناسەی سیی یەکانت ئەشنێتەوە!
سەرەتای هەموو ماناکان
لەناوی تۆ دەست پێ دەکاو
کۆتایی هەموو ژیانیش
لە حەر فەکانی ناوی تۆ. کۆتاییان پێ دێتەوە!

وا چوار وەرزی عومری سیسیش بەسەر دەچێ
هەر بەهیوام مۆسیقای دەنگی ناسکت
جارێکی تر لە گوێم دا بلەرێتەوە!
هەموو رۆژێ. بە دیار رێگاو شەقامەکانی ئەم شارە رێگا ئەبڕم
ئەڵێم رۆژێ هەر دێتەوە!
هەتا ئێستاش نۆتەکانی رستەی عەشق.
سەمفۆنیای پێکەوە ژیان
بۆ تەمەنم ئەڵێتەوە!
تۆ مەداری هەموو بوونی و بوون لە تۆ ئەسوڕێتەوە!

بیر لە هەرچی بکەمەوە
هەر لەتۆ دەست پێ دەکات و
هەر لەتۆوەش کۆتایی دێ!
دەست بۆ هەر فەرهەنگێک دەبەم..
دەستم لەدەست حەرفەکانی ناوی تۆدا دەنێتەوە!
ئەم فەرهەنگەش. هەر کۆمەڵێک وشەی تیایە!
هەر گومان و دوودڵی یەو ترسی دووری و لە یاد چوونی منی تیایە!
بەقەدر دوومەرگ ئەترسم!
بەقەدر دووئازار ئەپرسم!
دەبێ منی لەبیر مابێ؟ هەر بۆم بژی؟
یان گۆڕاوەو لە خەمی یەکێکی تر دایە!
***

تۆ شیعرێکی باڵا بەرزی و هەمیشە تۆ ئەخوێنمەوە!
وا مۆمی عومرێکی وەریو
سەرلەنوێ بۆ یادی تۆ ئەتوێنمەوە!
کێ دەزانێ من بەقەدر چی خۆشم دەوێ ی!
بەقەدر بەرزی مانای ژیان؟!
بەقەدر هیوای عومری گەنجی؟! بەقەدر خۆم یانیش نیشتیمان!
بەقەدر ناسکی شیعری جوان؟!
نا نا گیانە لەوەش زیاتر خۆشم دەوێ ی!
عیشقت بوومەو لەحزەیەکیش بێ تۆ ناژیم!
تۆ بوونی و لە بوونم ئەدوێ ی!

بێ دەنگ مەبە. ئەو بێ دەنگیەت دەمکوژێ!
عیشقی بێ دەنگ. وەک گۆرانی
بێ ئاوازو مۆسیقایە!
ئەوینی کڕ. خۆشەویستی مات و کپیش!،
ئاخر گیانە
دوو دڵی و گومانی تیایە!
من گومانم!
لە یەقینێکیش ئەگەڕێم
ئەگەر خوداش بێ دەنگ بێ،
گومانم لە بوونی دایە!
***

هەر بێ دەنگی نایێیتەوە!؟
دڵ ڕەقیت بیر ناچێتەوە
هەر بێ دەنگ بە. هەر دووربە لێم
هەروا مات و زویر بە لێم!!
ڕۆژێک لە ڕۆژان دێتەوە
لێم یەقینە وەک چۆن شیرین
فەرهادی کردە شەهیدی ڕەنجەڕۆیی،
کە هەوری دڵ ڕەقیت ڕۆیی،
کە تەم و مژی سەری شێت،
ڕە ویوە لێت
ئەوسا دڵت بەزەیی بە سووتانم دێت!

کە زانیت لەهەموو دونیاش،
کەسێک نیە وەک من شێت بێ و بەئاگری تۆ بسووتێت!
کەدرکت کرد، کەسێک نییە ئەوەندە چاوتی خۆش بووێت
ئەوساکە ئەودڵەی کە هەروەکو بەردە، نەرم دەبێت!
ڕەنگە لێوت بەڕووما خەندە شک بەرێت. بۆ ساتێکیش
پێم پێ کەنیت!
ئەوکاتە گەر تەمەن هیچی بەبەر مابێت
چاوت سروودی هاتنەوە بۆ سووتانی عومرم ئەڵێت!
ئەوساکە منیش ڕازی بم!
بەگومانم.. نازانم نا
خودام چۆن لێت،
ڕازی دەبێت!
***

خەلکی هەموو پێیان زانی!
خۆشەویستەکەی من کێ یە؟
هەموو کەس درکی پێ کردم
زانیان کە، ڕەنگی زەردم، وەرزی سووتانی کێ ی پێ یە!
تا شارەزای لەرەی دەنگ و جوانی چاوو ڕەنگی قژو
ژمارەی پێڵاویشی بوون!
شیعر هێندە منی هاڕی و نهێنی وای پێ درکاندم
تا ئاشنای ناویشی بوون!
هێندە یەکترمان خۆش دەویست ....!
وای لێ هات یەکترمان نەویست ....!
"ئەو" جار جار لێم تووڕە دەبوو...
بەشیعرێ دەگەڕایەوە!
منیش کەلێی تووڕە بامە. وەک موغناتیس
نیگاییێکی عاشقانەی رایەکێشامەوە دواوە!
تەنیا نیگای چاوی بەس بوو!

من کەسی بووم. ئاشنای بووم
تا باوک و دایک و برای بووم
ئەویش بۆمن هەموو کەس بوو!
هەتا تورە بوونیش عەشقە
چونکە چیرۆکی عەشقمان، تەمەنێ لێک توورە بوونە!
هێندە ووتمان بۆیەک ئەبین
تا بۆیەک بوون بووە مەحاڵ
هێند وتمان خۆشەویستی بەهەشتمانە!
تا خۆشەویستی بوو بەچاڵ!
خەڵکی هەموو پێیان زانی بۆ وڵاتی تەنیایی خۆمان چووینەوە!
خەڵکی هەموو پێیان زانی.. بۆ لە یەکتر جیا بووینەوە!
بەڵام ئەفسوس لە نهێنی عەشق ناگەن
درک ناکەن و تێ ناگەن!
دوو موسافیری یەک عەشقین. لەو دونیایەک ئەگرینەوە!
***

گیانە لەژوور سەری تەمەن
یادەکانت زەنگ لێ ئەدەن، یادەکانت بانگم ئەکەن،
کە دێم بۆیان. شەرمەزارن. هاوار دەکەن رزگارمان کە
نیگاکانت باچیریکە ئازاری گیانمان نەدا
پێش بینیم کرد.. ئەم پێش بینیەم هاتە جێ
ووتم گیانە... نە من دەبم بەسیامەندو
نە تۆ خەجێ..!
*****

لە تۆرانی جاریکی دڵت. نووسی بووم:
"بنووسە هەرچی دەینووسی
بۆ ئەوەی لێوی چاوانم
ووشەیەکی تۆ ڕامووسی
بنووسە هەرچی دەینووسی
بنووسەو سینگم واڵایە. دەرگای دڵم تەمەنێکە
بۆ نازت لەسەر پشتایە..
بنووسە تەنیا بێ دەنگیت مەرگی منی لەدوا دایە!
بڵێ تاوان لە ئەستۆتە. بڵێ تەنیا خەمی خۆتە
بنووسە هەرچی دەینووسی. با چاووم ووشەت ڕامووسی!
بە پۆستەی بای شەماڵ بڵێ.. چیت هەیە بیرە بولبلێ
بنووسە گیانە بنووسە.. لە چاوەڕوانیتە دڵی!
چی کەف و کوڵی دڵ هەیە. بۆم وەرە دووان و پێم بڵێ

بیره دەم با ئەوەی هەت بوو
هی ئێستاکەو هی ڕابردوو
خۆ من وازیندووم ڕۆح ئەدەم
کەی ئەوە کۆچ بوو مەرگ بوو!
بنووسە ئەوەی ڕووی داوە. بۆ من نابێ بەهۆنراوە
هەرکە ڕۆیی. ژیان ڕۆیی، منت دا دەست ڕەنجەڕۆیی
تۆ ئیلهامی شیعرێکم بووی. کە ڕۆیشتی،
ئەویش ڕۆیشت نەگەڕاوە!
ئێستاکەش لەیادم ماوە.
ووتم گیانە ئەگەر دەشرۆی. ئاوڕێک بدەوە دواوە!
ئاخر خۆمن هەرکەسێ نیم، بەشایەنی نیگای چاوی خۆت نەزانی
ڕووت وەر بگێڕی بەو لاوە!
من ئەوکەسەم "ئەی دڵڕەقتر لە عزرائیل" ساڵانێکە بۆت سووتاوە!"
****

چیت پێشکەش کەم. کە عیشقی تۆ بێزاری بێ!؟
چیت پێشکەش کەم. کە گریانم لافاو بکاو
پایزی عومر وەرینیش، بەهاری بێ!
چیت پێشکەش کەم! لەم سەردەمە چەپۆک بەخوێنی هەژارە
لەم عەسرەی خەم لەبەردەرگای خەونەکانمان نۆ بەدارە!
چیت پێشکەش کەم! ئەوە شیعر. ئەوە دڵ و. چاوو گوێچکەم
ئێ خۆ ئەوانە شک ئەبەم!
دڵی شاعیر چی تێدایە..
دەزانم هێشتا ناڕازی!
ئەوە ماچێ!

ماچیش ئێستا، لەماچی ئەوساکە ناچێ!
چیت پێشکەش کەم؟ چی؟ چی؟ بڵێ!
چیت دیاری کەم؟ بڵێ گوڵێ!
دەزانم بەخوێنم تینووی!
دەزانم ڕق. ئێستا ماڵی خۆشەویستی وێران کردووی!
چاک دەزانم ڕەشەبای کام چاوو زارە وونی کردووی
من دڵنیام بەدوای سەرابی کێ کەوتووی!
هەستە ڕابە ئازیزی من!
تا شەپۆڵی دەریای هەناسەی شاعیرێ نەیخنکاندووی!
هەستە ئازیز!... هێندە بەزەییم پێتا دێ!
تۆ هەر لەناو بێ وەفایی خۆت دا وون بووی!
***

ووتم نەکەی! هۆ یار نەکەی. پەنجەی کۆچت بە ئارەزووش لە خوێناوی یار وەرنەدەی!
ووتم نەکەی! ئازیز نەکەی. کۆچ و کۆچبار
بۆ گاڵتەش بێ. لە بناری شەودا نەخەی
ووتم شەوی دووری ئێمە. بەبێ کابووس بەسەر ناچێ!
ووتم ئۆخەی، لە دوای ئۆغر.بە گیانمان ئاشنا نابێ!.
وتم نەکەی کچی عومرم ئەم رێ یە هات و نەهاتە!
ووتم بڕۆی. دووریت بۆمن کارەساتە!
ووتم نەکەی.. توخوا نەکەی!
بەگوێ ی فتوای پیرەژنی مەکر نەکەی!
ئەم دڵە شاعیرو تەڕەم. ئازار نەدەی!
زۆرم ووت و هەر گوێت نەگرت!

بەدوای سەرابی خۆت کەوتی و
بنەو بارگەت لە غوربەتی مەنفایێ خست
نامەردانە نامەییێکی شەرمەزارت ختمە نێو مشت!
لەوێش ووتم. کچێ برۆی دڵشاد ناژی و
بۆ کەسەرانیش کۆچ مەکە. مەبە عیبرەت!
لەوێش وتم لەم دەرگا سەختەی زەبوونی و
بیابانی ڕۆحم مەرە. مەمکوژە بەئاهو حەسرەت!
ئاخر دوایی خوت ئەکوژی و منیش ئەمرم!
ئیتر هەتا دونیا ماوە
هەرلە دووری یەکتر ئەبین
"نەتۆ لە باوەشم ئەگری و"١
نەمن لە باوەشت ئەگرم "!
***

١- "هی فەرەیدون بەرزنجی یە"

ڕۆژگار وای ویست!
ئەی خۆشەویست! من و تۆ لەیەک دابڕایێن!
دەستی قەدەر باڵا تر بوو
وای کرد وەکو گوڵی بەهاران هەڵوەریێن
****

هێندە بەتاسەی دیدارتم
لێم ڕوونە پێک ناگەینەوە!
قەدەر وابوو.. ئازیزی من لە ڕۆژانێک،
دوونیگای بەرامبەر یەک و دوو دڵی بەپەرۆش بۆیەک
بەتەنیشت یەکتردا بڕۆین. ئاوڕێکیش نەدەینەوە!
شەوانە چاوم ڕووبارەو دڵم... پاساری ی غەریبە
ڕۆحم شەکەت. پەنجەکانیشم داگیرساون وەکو مۆم

ئێستا نازانم چۆن ئەژیم! ئێستا نازانم چۆن ئەڕۆم
زۆر تامەزرۆی بینینی تۆم
هەر لەو ڕۆژەی جیا بووینەوە،
بادەی خەمی دووریت ئەخۆم!
قەدەری ئێمە وابوو. بەهارەکانیش بەسەر چوون
ساتە گەشەکانیش ڕۆین! ساتە شیرینەکان رۆین. ماچەکانیش هێدی وون بوون
ئەنگورەی پەخشان ئاوا بوو، خۆری ئێواران ئاوابوو، زۆر شەو.. شەوم بێ چرابوون!
ئاخ بۆ دوو دڵ. کاتێک بۆ ژووان لەسەر ئاوو ئاگرابوون!
زۆر پەرۆشتم. جارێکی تر. لە بن داران جووت جووت دابنیشینەوە!
ئاخ چەند تامەزرۆییت دەکەم
وەکو دوومەل ئەوباز ئەوباز.. لەم هەواڵ بۆ ئەم دەنگوباس
لە ئاسمانی شیعرێکا بنیشینەوە!

لێم بەقینە ئەم تاسەیەم. مەرگی سبەی منی پێ یە!
دڵنیامە ئەم دەرگایانەی داخران. بۆ یەکتری ناکەینەوە
دڵنیا ترم لە یەقین.. ئەم دووریەی تۆ دەمکوژێ و
جارێکی تر"ئیتر بە یەک ناگەینەوە"!
******

بێ نمەکیت کرد کچەکە. کاتێ سەرت بۆ عەزابی عیشقت شۆڕ کرد
من پێم ووتی و هەر نەتسەلماند
من دوودڵ بووم، تۆش کۆمپیالەی ماندوو نەناسیت بۆم مۆر کرد!
ووتم کچێ عەشق مەرگە.. بۆ سووتانی شەوانی ئاگری بەرگە!
ووتت: . ئەبم بە"پێشمەرگە"!!!!
ووتت ئەژین بۆ مانگ، چیا
بۆ شەوانێ تێکەڵ ببین لە باخەڵیا!
ووتت. ووتت..وەک سیاسیێکی بەرەڵڵا زۆرت ووت و هیچت نەکرد!

دوو دڵ بووم تاسەر ئێسقانم!
دوو دڵ بووم لەناو یەک گیانم!
تا دوو دڵ بووم لە هەموو شتێکی ژیانم! دوودڵی کردمیە دووکەس!
دوو دڵ بووم. لە زارو زووبانم!. دوو دڵت کردم! تۆ بەس..!
بێ ئارامیم خەونی نەگرت. دوو دڵیت دووڵی کردم!
تا دوو دڵیش هێدی . هێدی.
خەون و هیوا. ئاوات، ئەڤین. تروسکەی خۆری لێ بردم!
هێدی هێدی. هەتا زێتر خۆشم ویستبای
عەشق مانای بەرین دەبوو!
هەرکە سەیری چاوتم ئەکرد،
داهاتووم پڕ برین دەبوو!
من پێم ووتی. جنەت دەگرت وەکو مناڵ!

چاو قایم بووی بۆ بووکە شووشەی شیعری جوان،
بۆ ئیحایێ لە ووشەی من ئارەزووت دێنا گڕووگاڵ!
چاوقایم بووی، بەڵام ئێستا چاوت نامەرد
لوتکەی ئەوسات بەدی ناکا بەهەزار حاڵ!
چی بەڵێن و پەیمان هەبوو. وەکو مردوو گیانیان دەرچوو!
منت جێ هێشت وەک باڵندەی بریندار و شکستەباڵ!
بۆیە عیشقیشت بەتاڵ بوو
وەکو نوێژ و ڕۆژی بەتاڵ!
****

ووریابە گیانە ووریابە!
من لێرەوە ڕەشەبامە.. بۆ ڕاماڵینی گەڵاکان دەکەومە کار!
هەتا ئێرە. من پایز بووم. ئێستا دەرویێشم بۆ بەهار!
هەتا ئێرە. ئەوەی ووتم. لە هەر هەمووی پەشمانم!
ئەوەی هۆنیم. لەم شعرانەی بۆ چاوی تۆ.

لە هەر هەمووی پەشیمانم!
پەشیمانم ! پەشیمانم!
هەزار نەفرەت لەو دەستانەی شیعری بۆ باڵای تۆ هۆنی!
هەزار نەفرەت لەو چاوانەی قوربانی دا بەقەسەمی عیشقی کۆنی!
هەزار نەفرەتیش لەتۆ کە سۆزانی بێ ئەمەک بووی
زریێاری خەم و خوێنت بۆم هەڵبەستا، ئێستا خۆت تیایدا شەتەک بووی!
*****

بێ ئەمەک بووی بۆ عیشق و گریانی شەوان
بێ نمەک بووی. بەڵێنت دامێ بەزوبان. بژین بۆ یەک!
بمرین بۆیەک! هەتانەمان!
بوومە سۆفی خانەقایێک. لێمت رووخان!
بێ ئەمەک بووی. بێ ئەمەک بووی. کچێ زەلیل!
لەمڕۆ بەدوا لێم مەپرسە
ئەدرەسی من شاری گڕە، من ناونیشانم بۆ سووتان!
*****

بەشی دووەم:

"ئەو یادانەی بۆیان ئەکریم"

تەمەنێکە وارەڕوات و درک بەدووری تۆ ناکەم
عومرێکە ومرێکی درێژ.. هەست بەبوونی بۆشایی گەورەی تۆ ناکەم!
هەر بارانم.. دەشترسێم لێت بۆ زەوی یادگارێ داکەم
هەتا دوێنێ. ئامادەبووم لە پێناوی چرپەیەکت
کای کادینی ڕقی عومری کوێرەوەریم بە لەحزەیەک شەنەباکەم!
***

هەر لەدوای تۆ..هەر دوای کۆچت.
هەر لەدوای کوشتارگەی ئاسۆ
لەدوای خۆخواردنێکی زۆر
لە دوای ئەوەی بێ بەش بووم لە بەیانی و گزنگی دەم خۆر
لە دوای ئەوەی ئەڵقەی شەرەف لە پەنجەی پەیمان پچڕا
لەدوای ئەوەی ڕەنجی عومرێک
بۆ بەرگێردی لە بیر چوونی باکوجەکەی بن پاژنە پێی نازت برا!

له دوای ئەوەی خۆشەویستیم ناوی زڕا!
لەدوای ئەوەی بوختان بە عیشقی پاکگرا!
چی داوا کەم!؟
چی تر داوای ڕەحمی زارو بەزەیی چاوەکان ناکەم!
چی داواکەم؟
جگە لەوەی شاشەی ئەم شارە نەگریسە
پڕ لە فتواو پڕ لە زیکری تف بارین و تەهلیلەی هەزار دە عواکەم!
پاڵەوان نیم بەڵام گیانە دەتترسێنم
لەشەوی پەردەی گومانا
ببمە کابووس پشت لە ویژدان و خوداکەم
ئەگەر پەشێویش وای نەکرد
من ئامادەم ئەمشەوەی پف لە چراکەم!
***

من فرمێسکم بۆخۆم ئەگریم!
ئاخر چۆن شەوی گریانم. بە خەندەو ئاوات ئاواکەم!
بەڵێن بێ لەمڕۆ بەدواوە. شۆڕشی عیشقێ بەرپاکەم!
بەڵێن بێ لەمڕۆ بەدواوە. شیعرم
ببێ بە شۆڕشێکی نامووس و بۆ سەرسەری کۆیلەکانی نامووس داکەم!
تۆ کۆیلەی دەست حەیای خۆت بووی منیشت کردە کۆیلەی خۆت!
من سپارتاکۆسی قینم! ئێستا بەدابی قوربان و گیان و گیان و نوزانەوەت،
نوێژی عەشق بەرپا ناکەم!
ئێستاکە لەخوێن دەگەڕێم. هەتا بیکەم بە قوربانی ی،
بۆ ئەو نیشتیمانەی کوشتیان
نەیانهێشت بێن بەئاوی سازگاری بنێم!
بەدوای ئالآێی دەگەڕێم!

وون بووه لێم
ئێستا بەدوای زامێک وێڵم
تازامی پێ بنووسمەوە و
شیعری نەمری بۆ بڵێم!
***

تۆ ڕۆیشتی و منیش ئیتر گۆرانیت بۆ ناڵێمەوە!
ئەگریم. ئەڕۆم. بەتاسەوە. بێ ئومێد سەر ئەنێمەوە!
بەسووتانی گڕی شیعرم، وا تێنەگەی مەیلم ماوە؟!
ئەو ئاوێنەی تۆم تیا بینی ئەمێستا کەوا شکاوە!
ئێستا لەناو نا ئومێدی سەفەری ڕۆحم سازداوە
بێ مروەتی. بۆیە گیانە! هەر زوو منت خستە لاوە!
****

مەپرسە! من کێ بووم و چی بوو هاتم!
ئەی حەسرەتی کوژراوی دڵی پڕ ئاواتم!
مەپرسە!؟ تکایە. مەپرسە!
پرسیاری تۆ. وەڵامەکەی. بەقەدر وەڵامی بوونی من ئێجگار قورسە!
مەپرسە! من لەگەڵ با یان لەگەڵ بارانا هاتووم!
من لەجوانی جوانییێک دەگەڕێم نەبینراوە،
من لەمێژووی مێژووییێک دەگەڕێم نە نووسراوە!
من لەئازاری ئازارێک دەگەڕێم ون بووە
من لە شمشاڵێک ئەگەڕێم. لەوەتەی مێژوو مێژووە..
بە نەغمەی ئازارەکانی.
دڵی کوون کوونی، کوون بووە
من لە عەشقێکی بێ عاشق، لە بارانێکی بێ هەور

له ئاوازێکی بێ نۆته.. لەسەر برینی بێ چەقۆ
له شیعرێکی بێ ووشه.. له دوودڵی بێ دوو دڵ
له گریانێکی بێ گوناه.. له هەقێکی ناهەق
له ئاهێکی بێ سینگ.. له تاوانێکی بێ سزا
له کۆشکێکی بێ شا.. له سەرێکی بێ سەر
له کچێکی بێ ناو . له بەرێکی بێ بەر
له خەندەیەکی گریاو.. له برینێکی بێ خەنجەر
له منێکی بێ "من" . له"تۆ" یەکی بێ تۆ. دەگەڕێم
له هەموو شتێک دەگەڕێم.
هیچم بۆ نادۆزرێتەوه!
کۆلۆمبسی ئەڤینێکم! خۆم وون کردووەو
خۆشم بۆ. نابینرێتەوه!
****

لە دوا دیدار پرسیارت کرد:
"چیت بۆ کردووم"؟!
زمانم گیرۆدەو لاڵ بوو. ووشەیەکم بۆ نەوترا
تاسام و تاسەم سووتان بوو. بۆ ئەم پرسە بێ شەرمانە!
تۆ پرسیت و منیش بت بووم
لەناو بورکانی شیعرما گڕم گرت و هەڵ چووم. هەڵپووم. تەقیمەوە لە تەقینەوەی ویژدانیش
بۆ خاتری خۆشەویستیت شاعیرێکی لاڵ و پت بووم!
***

لە بیرت چوو! کاتێ هاتی. بەبێ جورئەت،
نەترەزانی چۆن بێیە گۆ!
مەمەی ووشەم لەزاری نای؟!
لە بیرت چوو. کورسی وانەت پێ نەزانی

گوێچکەم گرتی و لەسەر عەرشی کە لاوەی ئەم دڵەم دانای!؟
لە بیرت چوو ئەی خانمە هیچ نەزان و نەفامەکە،
دوێنێ من چیم پێت دەگەیاند
خۆتۆ دەتووت" دوور مەکەوە.
لەگەڵ دووری هەنگاوی تۆ ؟
ترپەی لێدانی دڵم کەم دەبێتەوە!
لەبیرت چوو چیم بۆ کردی؟!
لە بیرت چوو لەکامە بتگای ئەویندا
هۆنراوەم سوژەی بۆ بردی!
لە بیرت چوو؟ ئەی لەناو بیری رەش هاتووم
لە بیرت چوو! ئەی خۆری سەر بەخمی دەم کەلێکی نزم هەڵهاتوو..
تۆ ئێوارەی. رەنگی سووتانت لێ دیارە

له یەکەم ژووانا زانیم بە عەشقی خۆم هەڵدەواسرێم
بەقەد داری ئەوینی هەزار پەژارە!
*****

لە بیرت چوو چەندان چەمی فرمێسکت درێژ کردەوە!؟
تۆ خۆت بەقوربانم ئەکرد. بە ژیان و بەخۆتەوە!
لە بیرت چوو؟! دەتووت: گیانە، لەوەتەی تۆم خۆشویستووە
تاجی خەونی بەختەوەریم بردۆتەوە!
ئەی ڕەش تر لە چەهرەی ڕەشم، تاوانم کرد کە تۆم ناسی!
ئەی زەرد تر لە ئێوارەی من.. لە ڕەنگی من
پەشیمانم کە قەدەری عەشق و ژینم، بە کۆتەڵی تۆ هەڵواسی!
*****

لە بیرت چوو؟! ئاخر چۆن! چۆن!
هەر زوو بەزوو. سەرگوزشتەی نوێترین خۆشەویستیت
لابوو بە کۆن!
چۆن زوو بەزوو ئەم داستانەی خۆت لە بیر چوو
لە بیرت چوو شەو نوێژی سەربەماڵی من
دوعای هەر بەناوی تۆ بوو!؟
لە بیرت چوو! ئەی داگیرکەری وڵاتی سۆزو جوانیم!
ئەی دێوە زمەی خوێن مژی
گوڵاڵەی ڕوو ئەرخەوانیم!
لە کاتێکا تۆ هێشتا خۆت نە ناسی بوو
لە کاتێکا من وێڵی وڵاتی کێڵگەی برینم بووم،
گوێم تینووی دەنگ و باسی بوو

تۆ هێشتا پێکی هەرزەیی ی چاو چاوانێت دەخواردەوە
منیش لە ناو تونێلی کوشتنی برین
شەکرە شیعری هەناسەم بۆت دەناردەوە!
لە بیرت چوو؟!
نامەکانم بە خوێن بۆتۆ دەنووسییەوە!
تۆش هەر بە تیلە نیگایێ!
سەرنجێکی پڕ تامەزرۆی خۆت دەدایێ!
لە بیرت چوو؟!
ئاخر هێشتا دوا وشەی"خۆشم دەوێ ی"تۆم لەبیر نەچووەو..
لە یادم ماوە!
ئاخر هێشتا دوا ماچی من . وەک خوناوی لێواری گوڵ
هێشتا بە لێوتەوە ماوە!

خۆ ئێستاکەش ماکیاژی لێوەکانی تۆ
بە یاخەی شانمەوە ماوە!
لە بیرت چوو. چۆن هەروا زوو!
هەموو شتێکت لە بیر چوو
دەتووت: گیانە وتەکانت نەقشن بە رووی دڵەکەی من !
پێمت دەوت: دوور مەکەوە
دووری لەتۆ مەرگی منیش وەکو یەکن!
لە بیرت چوو؟!
ئەی ئیبلیسی عەزابی من عەشق!
لە بیرت چوو ئەی پاییزی هەمیشە ئێش!
لە بیرت چوو ئەی وەکو ڕەق. ئەی وەکو قین!
کچی دۆزەخ! ئەی دۆڕاوی دونیای ئەڤین!
***

لە دوای ئەوەی هەر چیم هەبوو بۆ خۆتت برد
لە دوای ئەوەی چەند کۆتری ئازادی ئەو هەناسەی من
تۆ کۆتت کرد!؟
ئێستا پێم دەڵێی چیت بۆم کرد!؟
لە دوای ئەوەی. سەبووریت برد
عومەرت لێم برد. شیعرت لێم برد!؟
جوانیت لێم برد. خودات لێم برد!؟
ئەوەی هەم بوو. ئەقڵ و دڵ و
نیشتیمان و دایک و خاک و
مناڵیم و دوێنێ و ئەمڕۆ و داهاتوو و بەهەشتت لێم برد!؟
دوای ئەوەی زەردەشتت لێم برد
تازە پێم دەڵێی چیت بۆم کرد!
مافی خۆتە !

سەرەتا بوو. من دەمزانی!
ئەوەی وەفا بێت لات نییە!؟
ئەگەر یەکێ وەفای نەبێ.
شەو نموونی شاعیری شێتی لاچی یە!؟
*****

بەس ئاوڕ بۆ وتەکانی خۆت بدەوە
تەنیا بیر لە یەکەم هاتنی خۆت بکەوە!
وەرە گیانە! با دواجار بێ گوێ بۆ نزمی نزاکانی خۆت شل کەوە!
وەرە گیانە تەرمی سەدان
پەیمان. بەڵێنی بۆ یەک بوون
بۆ گۆڕستانی یادەکانت ببەوە!
ئیتر لێرە لەناو مەیتگای دڵی من
مەیتی درۆی چاوانت جێ ی نابێتەوە!
****

زۆر ئاسانە! چۆنم بوێ ناوت بێنم!
" زۆر ئاسانە لە بێخەوە دەرت بێنم
زۆر ئاسانە بتی ...عەشق لە پەرستگای خۆشەویستیم دا بشکێنم!
لە توانامەو دەستکردی خوای ئیلهاممی
چۆنم بوێ بتڕوخێنم!"
لە بیرت چوو! وەک منالێ
بۆ نوقلی شیعر دەگریای
منیش یەک یەک. مرواری و پل پلەی رۆحم
لە یاخەو بەرۆکی دەدای!
ئاخ! گەر دەمزانی درۆیە
خۆ کوشتن و گیان و گیان و فرمێسکی ژێر ئەم برۆیە!
نەمرەهێشت تەنیا ووشەیێ!

لە شیعرم باسی تۆ بکات
نەمرەهێشت تا هەناسەشم
ئاوازی بەگوێ ی تۆ بکات!
من چۆن رێگام بەخۆم دەدا
چاوم. گەر بۆ دەرۆزەش بێ، پەنجەکانی لە دەرگای چاوی تۆ بدات!
پەشیمانم.. پەشیمانم!
چونکە هێشتم حەزی ڕەشت
کاروانی خۆی لە حەز خانەی دڵم بخات!
*****

زۆر ئاسانە بتکەم بە قوربانی وشە
زۆر ئاسانە بت وەرێنم وەکو گەڵای هەر درەختێ
کە لەژێر پێی رێبوارانا ژاکاوەو سیمای شێواوە!

ئاسانە لام کۆر کەمەوە ئەو چاوانەی ئیلهام بەخشە!
لام ئاسانە لێی بکۆڵم. قۆرتی ڕقی
گەورەترین خۆشەویستی وەکو نەخشە!
ئێستاش بینت.. بۆنی لێو و مەرەکەب و
شیعرەکانی منی لێ دێ!
هێندە تاسەی ژوانم بووی
چاوت هێندە ماندووی چاوەڕوانی بووە
ڕەنگە ئێستاش هەر چاوت لە ئاسۆی ڕێ بێ!
*****

دەپێم بڵێ چۆن رابردووت دەسڕیتەوە!
دە پێم بڵێ چۆن بەرامبەر خواو خەڵکانی ئەم شارەی خۆت
چاوانت هەڵدە بڕیتەوە!

ئەو نامانەی ڕۆژانی ڕابردووت ماوە!
لەگەڵ وەرزی هاتنی ڕقی شیعری من
ئێستا کەوا بارگەو بنەی سۆزی خۆیان!
بۆ قوژبنی ژووری تاریکیم پێچاوە!
وەک تۆن ئێستا بێ دەست نوێژن!
ناچمە لایان.
وەک تۆن ئێستا ماناو بوونیان لام نەماوە!
***

وێنەکانت. ووشەکانت. یادەکانت
ئاخر گیانە هەتا نیگای چاوەکانت
شاهێدی دۆڕانت ئەدەن
گەر منیش نەیانهێنمە گۆ
هەر بۆخۆیان باست دەکەن!
*****

تەمەنمان زوو زوو رادەبڕێ
گەر غەزەبی ئاهەکانی من نەتی گرت
شیعر غەزەبەو دەتگرێ!
گەر شیعریش هەر نەتی گرت
ئەوە غەزەبی یادەکانم ئەتگرێ!
گەر ئێستا دەر بەستیت و دڵ ڕەقانە،
لە خۆت ئەدوێ ی لە ئاهی منیش ناترسی!
دەگیانە باخوا بتگرێ!
*****

تا ڕقیشت خۆشەویستی بۆمن تیا بوو! ئاخ لە عیشقت چ بەڵا بوو!
هەناسەشت هێندە تێکەڵ هەناسەم بوو،
بۆ دووساڵی خۆشەویستی،

بۆنی بای بەهارم وون کرد بۆ وەسفی سروەو شەماڵێ
تەنیا هەناسەی تۆم لابوو!
دەمووت ئەم چیرۆکەی ئێمە!
هەتا هەتا دوایی نایە
نەمدەزانی بەسەر هاتی ئەم عومرەمان
ڕۆژی ڕەشی وای لەدوایە!
ڕۆژێ نەبوو. دووان نەبوو
عومرێک نەبوو. مێژوویێک بوو
ئێستا دەڵێین هەبوو نەبوو!
****
ئەگەر ئەمجارە وشەیەک
عیشقی تۆی لە شیعر باس کرد

ئەگەر ئەمجارە لە حزەیەک بە نهێنی.
لە نێو کاتژمێری عومرم خۆی دەرباز کرد
وا تێ نەگەی هیوام ماوەو بۆت دێمەوە!
سەری ئەم وشانەش دەبڕم
کە باسی تۆی پێ کرابێ!
من چۆن مردن بۆم هیوا بێ؟!
لە کاتێکا تۆ بتێ بی!
من بتخانەم لێ ڕووخا بێ!
***

خۆ دەتوانم. خەرمانی خەونی ئێستاکەت
وەک ڕەشەبایێ رامالم
خۆ دەتوانم. بەڵام چی بکەم چی نازانم!

دەنگێک لە باخما پێم دەڵێ:
شیعر مەڵێ. وشە لە چاوی خەسارە
پایزی دڵ پەستی شیعرت لەلای ئەو ئێستا بەهارە!
خۆ دەتوانم لە شیعرێکا، کۆتری نهێنییەکانت
لە ئاسمانی شینی شارا بەڕە ڵڵاکەم!
خۆ دەتوانم وەک بارانێ! وەک "هەش"
بۆ سەرسەرت داکەم!
خۆ دەتوانم هەتا ناوت ئاشکرا کەم!
خۆ دەتوانم شەنەی تیژی
ڕقی هەموو خۆشەویستیم هەڵ کێشم و
کای نهێنی ئەم چیرۆکەی تۆ بەباکەم!
خۆ دەتوانم ماکەکانی ماچ و مژین لە گەردنت ئاشکرا کەم!

خۆ دەتوانم! خۆ دەتوانم!
بەڵام لەخۆشت بپرسە بۆ واناکەم!
*****

تۆ لەباسی عیشق گەڕێ
وەرە بەناو خوێنی زەردما
برۆ ژوورێ بەسەفەرێ!
جەرگی لەت لەت تەماشاکەو
ئەو دڵەم بۆ بپشکنە
لە برینی دابڕانی خۆت بگەڕێ!
وەرە لە دەروازەی سینگم بۆ ئاهی زۆر گوێ رادێرە!
سووتانی رووم هەر هیچ نی یە! گوێ ی مەدەرێ !
وەرە بەڵکو خودای عیبرەت
بەم دەردەی منیشت بەرێ!
*****

بەقەدر ئەوەی خۆشم ویستی!
ئێستاکە من ڕقم لێتە!
ڕقم لێتە . ڕقم لێتە!
ووتم زیاتر خۆشم بوێ ی
ئەبێت بەڕق. چیتر خۆشم ناوێیتەوە
ئەو خۆشەویستیەی شۆڕش بوو بۆ عومری من
بۆ عومری تۆ..
کپ دەبێت و چیدی بەرپا نا بێتەوە!
*****

گەر توانیت لە بیرم کەی! پیرۆزت بێ!
گەر توانیت بەدڵ ڕەقیت. بەسەرشۆڕیت!
پەی بە عیشقێکی تر بەریت!

گەر توانیت بەسەر پردی سیڕاتی یادم تێپەڕیت!
پیرۆزت بێ!
هەر کێ بکەی بە پەنای خۆت
گەر بتوانی یەکێکی تر لە خشتەبەی
بسووتێ بۆت
بیرنەکەی قەت لەمن زیاتر دڵسۆزت بێ!
*****

ئەو ڕاسپۆتینەی سبەی دێ!
دەستی دەخاتە گەر دەنت!
ئەو زار پۆتینەی لە دوای من
سروودی پیاهەڵدان دەڵێ بۆ تەمەنت!
ڕەنگە خاوەنی تەلار بێ

ڕەنگە بەختی لە خودا پێداوی یاربێ!
ڕەنگە بۆتۆ سەفتە"کەڵا"ی زەبەندی
زۆری بەهار بێ!
ڕەنگە وەک من شیعر ڕانەخاتە بەر پێت
ڕەنگە وەک من نەدار نەبێ و شاعیر نەبێ و
پێ ی نەڵێن شێت!
گیانە توخوا گەر پێ ی نەڵێیت!
سینگم پاوانی دەستێ بوو
حوبری شیعری پێوە ماوە
پێش تۆ شیعر لێم ئاڵاوە
درێژ بووە لەگەڵ من دا. هەڵچووە وەکو لاو لاوە!
گیانە توخوا گەر پێ ی نەڵێیت!

دەست و پەنجەی شاعیری شێت
ئێستاش بۆنی لە سینگم دێت!
ئێستاش نۆتەی حەزو لەززەت
لە دۆڕێ می ی تەلی سینگی من دەژەنێت!
دوێنێ سینگم سەرینی لانەوازێ بوو
وا تۆ بۆ خۆت کردۆتە جێت!
***

چیت بۆ بلێم. چی ما ئاخر
نە فرمێسکم ما. نە شیعر
مەگەر هەر لەناو سووتانما
بسووتێم و ببمە ئاگر
کە ئیوارانێ دەمبینی دەموت با خۆر ئاوا نەبێ

نەوەک تاریکی لە قژتا عەشقت بێ و قەت ئاوا نەبێ!
وا بیر نەکەی دڵخۆش ئەژی
کاتێ ئەڕۆی لە یادتا بێ
عاشقێکی پاک ئەکوژی
سووتان لە ڕۆژی شادتا بێ!
تۆ سەرابی و منیش چیدی
سەرگوزشتەی سەرابی تۆ نانووسمەوە
تۆ خۆرێکی ئاوا بوویت و بوونت نەما
چیدیکە ڕەنجت بۆ نادەم
لە دوای ئەوەی لە سای سەرت
عومرم کەوتە چەمی خەما
بۆچی چیدی شل کەم بۆت بین و چەناگەم!

تۆ چرابووی من پێم کردی و کوژایەوە
چیریکە بۆ سووتانی خۆم
برینی نوێ پێ ناکەم!
ڕووناکیشت هەر بۆخۆت ویست
تۆ سوورەت بووی
ئێستا کەوا ئەرشیف جێتە!
ئێستا نەک هەر خۆشم ناوێ ی .
نەک هەر پێت ناڵێم خۆشەویست!
بەڵکو بەقەد ڕقی دنیا ڕقم لێتە!
بۆکوێ بچی بۆ هەر لایێکت بڕوانی
هەر پەرەیەک موتاڵاکەی
ئەوە چیرۆکی کابووسی گڕی شاعیرێکی شێتە!
*****

تۆ شەهید بووی! لەناو دڵم تابووتێکم بۆ هەڵکەندی. !
لە گومرگی زامی سینەو ئازاردانی گیانی خۆما
باجی زۆری.. پڕ فرمێسکی نەمری ی خۆمم بۆ سەندی!
تۆ شەهیدی عەشقی شێتی و منیش شەهیدی یەک نیگام
تۆ شەهیدو منیش شەهید. عەشقیش شەرمەزاریمانە!
تۆ بووی بە بت.. بەڵام گیانە من بتخانەیەک بووم ڕووخام!
من لێم روونەو دڵنیاشم. هەموو رۆژێ پەراوی کات بە یادگاری ئەخوێنیەوە!
ئەی هەش بەسەر. وا نەزانی ئەگەر خۆتم لێ ون بکەی؟ چیتر ناژیم!
کە پرسیاری منت لێ کەن، پاساوی چی دێنیەوە!؟
وانەزانی ئەگەر هەروا بەم ژانەوە جێت بهێڵم. ئەمرم و سەر دەنێمەوە!
وادەزانی ئیتر ناژیم؟ تۆش سەر لەنوێ گوڵێکی تر ئەڕوێنیەوە!
من لە ئاهەنگی گوڵەکان. لە مەراسیمی پایزیش ئامادەمەو

لە مانای نوێ گەڕێم!
وا دەزانی ئیتر ناژیم!
من کابووسم. ئاخ. کە کابووسی شاعیران چ بەڵایە!
وا تێ نگەی دڵی شیعرم. بێ خانەقایەو حاڵ ناگرێ!
نەخێر ئازیز!وا تێ نەگەی. ئەو دڵەی من لوتکەی چیایەو قەت نامرێ!
وا تێ نەگەی. وا تێ نەگەی!
ئێستاش وەک ئەوسا دەتوانم
داستانێ ماچ بگێڕمەوە!
ڕۆمانی حەزە شێتەکان. سیپارەی لەززەتی گۆیەت!
لەسەر سینگت بۆ ڕێبواران بخوێنمەوە!
سەرت شۆڕە لە ئاستم دا. هەرواش دەژی!
بۆ ئەو هەموو قوربان قوربانەی زاری خۆت!

چاوانت بۆ هەڵ ناهێنی!
بۆ وەک جاران لەجیٚ ی باوکت لە جیٚ ی دایکت
لە جیٚ ی سوڕەتی فاتیحا لە جیٚ ی دەستە خوشکەکانت
هەتا لەجیاتی ناوی خۆت. لە ئەرشیفیش وەک ئەوسا ناوم ناهێنی؟!
خۆتۆ سوژدەت بۆ شیعرێکی نەوی دەبرد!
خۆ تۆ دنیات بەبۆنەی یەک لەحزەی عەشق
بەسەر زەمەن کاول دەکرد،
ئەو دڵەی کە مەرگت بۆ خواست. دوا هەواڵی؛
سەر لەنوێ ژیایەوە..
لە جێگای تۆ ئێستا عەشقی هەزارانی ئەم وڵاتەی لەدڵدا هەڵگیرسایەوە!
ئەی مامۆستای عەشق و جوانی
دە پێم بڵێ چۆنت توانی!

ئەو عاشقەی دونیا بوو لات
لە بیری کەی بە ئاسانی
خۆ تۆ وتت بۆ یەک ئەبین!
ئەمرین ئەژین بۆ یەک ئەڤین
کوانێ لەکوێن ئەم وتانە
ئەی دۆڕاوی قیامەت و ژین.. ئەی دۆڕاوی دنیای ئەوین!
***
ئەی مامۆستای ئەوینی شێت!
ئێستا ویژدانت چی دەڵێت؟
بۆ خاتری عیشقی پاکم
هەر دۆزەخ بێ خاکی بەر پێت
لەدوای ئەوەی گوڵێک نەما پیسی نەکەی

له دوای ئەوەی پەڕێک نەما. له لاپەڕەی یادگاری پیسی نەکەی!
لەدوای ئەوەی شتێک نەما
دیاری دەست نەگریسی ی نەکەی
له دوای ئەوەی. ئەو خوایه پاکەی هەمان بوو. بۆ پەرستن!
ئەویشت کوشت!
چی ما بۆ ئیبلیسی نەکەی!
ئەی مامۆستای وانەی دۆڕان!
خەلک ئەپرسن بۆ گۆڕان
بۆ وەک ئەستێرەی نیوه شەو
بۆ زەوی عەشق دا چۆڕان!
*****

ئەی مامۆستا. ئاخ مامۆستا!
دە پێم بڵێ بۆچی ئێستا
وەک یادێکی یادگاریش
شوێنم نییە. لە نێو هەستا!
****

ئەی مامۆستا تۆ دەربەستی!
چێشم بێڵێ هەر سەربەستی!
ئەم چیرۆکەم ناو لێ دەنێم
دوایین مەرگی خۆ شەویستی!
ئەی مامۆستای گوناهی ناز
ئەی گوێ گری ڕاز و ئاواز
تۆ بووکی شایی ی مەرگمی

نەک بووکی ئەوساکەی نیاز!
کەس هێندەی من تۆی خۆشدەویست!
هەر شیعر و عەشقت لەمن بیست
بڕۆ ئازیز بەهاریش بیت
من لەمڕۆ. بەهارم نەویست!
وانەی عەشق و ئەڤینت بۆم دەووتەوە
ئەو چاوانەی کوێر بوون لەدوام
نەیدیبامە. شەوانی زۆر بێدار بوو، نەدە خەوتەوە!
هەمان مامۆستای ئەڤین بووی
ئێستای مامۆستای دۆڕانت لێ کەوتەوە!
نە فرمێسکم لە چاوان ما. هەتا یادت بەگریان بێ!
نە عومرت هێشت. بۆ سەبووریش چیتر هیوام بەژیان بێ!
***

خەم بۆتە خۆراکی ژینم
خەم بۆتە سەرباسی زارم
خەم بۆتە گۆرانی و شیعرم
خەم بۆتە باسی بەهارم
تۆش هەر خەمی و خەمیش لەمن ئاوا نابێ !
یادی ئەم بەسەر هاتەم
بۆ مەحزەری عەرشی خوابێ!
*****

بێ دوودڵی رایدەگەیێنم! ئەو چرایەی شەو بەدیاریا مۆمم هەڵ کرد
چرا نەبوو.. رۆیشت و مرد
ئەو چاوانەی دیوانی شیعرم بۆ هۆنی. زیکرم لە خانەقاکەی کرد!
بوو بە بەردو. رۆیشت و مرد

بێ دوودڵی رایدەگەینم
ئەو هەوارەی.. لانەی عەشقی. رەنگ زەرديم بوو
دووساڵ چەناگەم بۆی شل کرد!
شەهید بوو. مەزار و نوێژێکی ئەبەديم بۆ کرد
ئەو مەلوتکەی ژيانم بوو. کوێستان و گەرميانم بۆی کرد
خوێنی رژاو بەناهەق مرد!
بێ دوودڵی ڕایدەگەیێنم!
من خۆشەویستێکم هەبوو
بەقەدر بوون و هەموو ژيانم لام گەورەبوو
من عاشقێکم خۆش دەویست
کە خۆشم ویست. لە دڵپاکی زیاتر نەبێ
لەوانەی شیعرە گريانم زیاتر نەبێ. لە دیاری ی دڵی شاعیرم!

هەرچی بڵێ. هەمووی لێم بیست!
هەرچی ویستبی ی لێمی بیست..
هەتا بووە خۆشەویستترین خۆشەویست!
من مامۆستاو ئەویش تازە شاگردی کۆرسی ناز بوو
منی زاوای خێر نەدیوو و. ئەو تازە بووکی نیاز بوو
قوتابیێکی کاڵ فام بوو. شەرمن بوو وەکو کچی کورد!
تا ئەلف و بێ ی عیشقم فێر کرد،
ئەو سیپارەو ئاڤێستای تەمەنی لێم برد!
ئەوەی نەکرا بوو پێمی کرد!
من چاوودڵ. ئەقڵ و خەیاڵ
شیعر و فرمێسکم پێشکەش کرد
ئەویش لە جێ ی، بێ ئەمەکی و بێ مروەتی و نەهی ی عەشقی ی
پێشکەشم کرد!

هەمان قوتابی لاسار بوو
ئێستا مامۆستای شێتی یە!
هەر هەمان بووکی نیازە
کە ئەوسا لام گۆرانی بوو
ئێستا بۆمن نا بۆ ئیتر. شیعر و گۆرانی و ئاوازە!
***

کە تۆم خۆش ویست!
خۆشەویستی هەموو دونیام وەرگرتەوە!
فیستانی خەونی منالێم بۆت داماڵی و
لەگەڵ بەرگی شیعرەکانم. هێنام و کردمە بەرتەوە!
باوەشی گەرمی دایکمم وەلا وەناو
کوردستانیشم لە بیر کرد بەبۆنەی تۆو لە سای سەری بێ سەرتەوە!

من ئێستاکە دەرۆزەکەرەکان شک دەبەم. خۆشم بوێن!
هەژارانی نێو شێخەڵڵا و وڵاتەکەم. بەرزن لەلام
خۆشم دەوێن!
هەر ئەوانن حەرف و پەنجەو گوڵ و شیعرن خۆشم دەوێن. خۆشم دەوێن!
مناڵانی بێ هەناسەو گوڵ فرۆشم خۆشتر ئەوێن!
کچانی لەچەک بەسەر و گۆرەوی کون، جل شپرێوم،
خۆشتر دەوێن!
عەبابەسەر شەنگە بێری و مەشکە هەژێن!. چاو پڕ حەیا،
چەند ساکار بن. خۆشم دەوێن!
من ئێستاکە کچانی گشت کوردستانم،
لە چاوی تۆ خۆشتر دەوێن!
لەبەر ئەوەی، تۆ گۆرانی بێ وەفایی و
ئەوان گۆرانی بەرائەت بەنیگای چاوانیان ئەڵێن!
***

پەشیمانم. لە ژووانت، لە رووانت!
لە دیدەنی ی چاوی جوانت!
پەشیمانم لەو رۆژانەی کە شادی بوون،
کە ڕەشت کرد. ئاسمانەکەی
بە هەورێ لێڵی گریانت!
پەشیمانم لە هەر شیعرێ، هەر وشەیێ، نووسیبێتم!
بۆ خۆری گەشی ژیانت!
پەشیمانم لەو گۆرانییەی زوو نەمگوت:
کەیەک بەدەنگ هاوار بکەم: شادومانم ئازیزم بە دابڕانت!
ئەو دەفتەرەی، سینگی سپی ی ووشەمی لە خۆ گرتووە!
ئەو قەڵەمەی حوبری جەرگی لە ناخم بۆت پڕاندووە
پەشیمانە! پەشیمانە! پەشیمانە!
لە ئێستاوە چیدیکە پێت بڵێ "گیانە"!
***

بەشی سێیەم:

"ئەو یادانەی بۆیان دەمرم"

لەوڕۆ بەدوا شیعری زامی ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە،
کە تا ئێستاش سەری تەمەنی من ئەخوا..
بەسەرهاتی چاو شارکێ ی تێک گەیشتن و حاڵی نەبوون
دەکەمە هەگبەی زمان و ڕێنوسمەوە!
لەوڕۆ بەدوا چاک دەزانم. تەمەن هەر بۆ باوەشی سەرابێ ئەڕوا!!!
****

تەنیا بۆ یاد!.. کە دەرگای ماڵ دەکەیتەوە،
لەبەر ئەوەی زۆر خۆشتم ویست
گیانە توخوا ئەگەر یادم نەکەیتەوە!
کە یەکەمین هەنگاوت نا،
بۆ خاتری ئەو ساتانەی وەکو سێبەر لەدوای یەک بووین. هەر بۆ ئەوان
توخوا گیانە. بۆ خاتری. ئەو ڕێچکەیەی بە جێمان هێشت

ئەگەر ئاوڕێک بۆ شوێن پێی یار نەدەیتەوە!
جار جار کە بیر ئەکەمەوە . ئەڵێم هەقەو مافی خۆتە لەبیرم کەی،
خۆت غافڵ کەی. هەرگیز دەست لە تابووتی ئەم عەشقە نەدەی
مافی خۆتە! ئەگەر ڕەوانەی زبڵدانی یادم بکەی
تازە ئەو ڕۆژانە ڕۆیین. بە هیوابم. بۆ لەحزەیەک شادم بکەی!
کە ڕێگەت گرت. بەیادی هەموو وشەی جوان
بە یادی ساتی ئەوین و سوتانی شەوانی جاران
تەماشای سەر شۆستەکە بکە!
چونکە لێرە لەم وڵاتە. شۆستەی شەقام مەنزڵگای عاشقەکانەو
شەقام گۆڕخانەی پیرۆزە بۆ مەرگی ئازیز و یاران!
نەوەک دڵدارێ کەوتبێ. لەناو چاوەڕوانی شەودا
خۆری عەشقی دەرنەکەوتبێ!

یان هێشتاکە. بۆ هاتنی زینی عەشقی هەر خەوتبێ!
کەمێک هێدی ڕا بمێنە.. کەمێک هێدی پێ هەڵێنە!
نەوەک ڕۆژێک لاشەی منت لێ نزیک بێ و تۆش ئاوڕێک نەدەیتەوە!
بابەس ئەوساتە بمینی.. ئەوسا یادم بکەیتەوە!
*****

ئەی مامۆستا! بەیانیان کە دەڕۆی بۆ قوتابخانە!
ئاخ و سەر ئاخ. دیمەنێکی گەلێک جوانە!
دوور لە کامێرای شیعرمە. ئەوساتانە. جوانەو جوانە
ئەوە دیمەنی غوربەتی ئیلهام هێنی شاعیرانە!
تەماشای دارو درەخت کە!
تەماشای جێ و ئاسەواری شەوی سەخت کە!
لەم شارەی هەزاران مەم و زینی وەکو من و تۆی لێک جیا کردەوە

لە ڕووخساری مرۆڤەکان رابمێنە!
لە کەناسێ. عەمەلەیێک. زبڵ ڕێژێک. مامۆستاییێک
لە سوالکەرێک. لە هەمووشت رابمێنە!
تەماشای چەهرەی سەران لاوی ژاکاوی بێ بەخت کە
ڕەنگە گیانە. هەر لە ڕێگەی قوتابخانە
من یەکێک بم لەو لاوە بێ ئاواتانە!
****

کە ڕادیۆکەت دەکەیتەوە،
کە گوێ بۆ چرپەکان دەگری
ئاگاداربە سەدای ئاهو پەیامەکەی ئێواران و ئەنگۆرەی پەخشانی منت
لەگەڵ ڕابردووی تاریکی بەبیرت دا نەهێننەوە!
با چیدیکە زامی عەشق و سوتانی تۆ نەکولێننەوە!

ئاگاداربە. ئازارت پێوە دیار نەبێ!
با ڕەگی ژانێکی نوێ لە دڵت دا نەڕوێنەوە!
چونکە هەتاکو مردنیش ئەم خەڵکەئەستێ کوژانەی
ئەم شارە بێ ئە مەکەی تۆ!
منت لەچاو ئەخوێنەوە!
****

گیانە کەبووی بە مامۆستا!
وەکو ئەوساکە پێم ووتی: تەختەی ڕەشت لەلا ببێ بە مینبەر و
وا بزانە فتوا ئەدەی لەسەکۆ ییکی سەربەستا!
من چاوەڕێ ی وانەی عیشق و خۆشەویستی کوردستان و هەژاران و
سوالکەرانی هەموو جیهانت لێ دەکەم!
من چاوەڕێ ی وانەییکی سوورت ئەکەم

من چاوەڕێ ی بەری ڕەنج و ڕۆژگاری دوورت لێ ئەکەم.
ئەی مامۆستا!
مامۆستا بە لە خوێندنەوەی تاسەو هەستا!
لە موتاڵای دڵی پەستا
لەناسینی مەرامی دڵ لە مەبەستا
مامۆستابە
لە ناسینی مەرامی دڵی ڕەش و دڵی سپی
لە کەسی خۆت لە ناکەستا!!!
بزانە"بۆ"؟ ژیان ئەگری؟! لەژێرباری ڕۆژگاری،
خەم هێن و پەستا.
هەرکە باسی ئەوینت کرد. لەبیرنەکەی! ماران گەستەی دەستی عەشقی
بڵێ هەتا وانەی دادێ. باسی ئەوین لێرە وەستا
باڵێ ی گەڕێین بۆ مامۆستا ترین مامۆستا!!!
***

گیانە کەچوویتە ژووری پۆل!
بەیادی هەرهەموو وانەی عیشقی دوێنێ
با قوتابییە بچووکەکان، دڵیان بۆ عەشق بخوێنێ!
هەریەکێکیان چاوی بۆ ئاسۆی گەشبینی ووشەی زاری تۆ هەڵێنێ!
منداڵانی وڵاتەکەم لەمێژە خۆریان نەدیوە
با لەگەڵ هیوای عەشقی تۆ. زەڕنەقوتەی خۆر نەدیویان سەرردەربێنێ!
ئەی ئازیزترین مامۆستا! ساڵێک ڕۆیی و تاکو ئێستا!
چاوەڕوانم بخوێنمەوە لەناو شاری ی یەک هەڵبەستا
تۆ وانەکەی خۆت بڵێوەو، منیش هێری دەتکەم بە وشەی زەرردەشتی و
دەتهاوێمە نێو نوێترین "ئاڤێستا"!!!
***

لەگەڵ شەپۆلی ئازاری، ژیانی بۆش
لەگەڵ لەبیرکردنی خۆم، لە یادم دەکەن چاوی تۆش
ئەوسا نە دڵ. نە هەست و سۆز. خۆشەویستی
کەسێ نییە. شیعری تەڕی لێ ببیستی
لەگەڵ نزمی. من و دوێنێ. عەشق و یادی
لەگەڵ نزمی ژینی نوێ.. تۆو شادی
لەبیر دەکەن. من و دوێنێ. عەشق و یادی
چەند لە خەمی دووری بروێم. هەر ناگەم پێت
ئەی شیوەنی. ڕۆژی ڕەشی. منی سەر شێت
ڕۆژێ دادێت. منی وێڵ بۆت. لە شارەکەت،
لە یاد دەکەی، گڕی عەشقی، دڵدارەکەت.
ڕۆژێ دادێت لەبەر هەیوانی یادی تۆ

گوڵی ئازار سەر دەردەکاو دەکات چرۆ
ئا ئەو کاتەش تۆی دڵشادی ژینی نوێ
دڵت گوڵی شادومانی لێ ئەپشکوێ
دەمووت: ئەڕۆی! وەک ڕووباری سەر شێت ئاسا!
لەبیر دەکەی خۆشەویستیم، وایە یاسا!
دەتووت چۆن لە یادت دەکەم"هەناوی خۆم"
هەرگیز ناکرێ لەیاد بکەم. چاوو ناوو دڵی سووتاو. هەتاوی خۆم!
لەگەڵ نەغمەی گۆرانیێ یادم بکە. نەنووسراوە
لەگەڵ دەنگی . هاوارێکم یادم بکە. نەووتراوە
بەسیەتی سۆز. کچی دڵسۆز. گڕی پیرۆز
خۆشحاڵترم لە"زەکیە"بە عەشقی تۆوە بسوتێم.
عەشقت بووە گڕی نەورۆز

"بۆ گڕ نەگرم؟! بۆچی نەبم بە خۆڵە مێش"
وابوومە بە دەروێشی ئێش!
دە مەپرسەو چیدی پرسیار لە کڵۆڵی و بەختی ڕەشی منیش مەکە
مەپرسە چۆن. شیعری یاخی لە بینی من سەر دەردێنێ!
مەپرسەچۆن..! لە یەک کاتا یادەکانت. هەم شادیەو
هەم ژەهری مردن دەنوێنێ!
مەپرسە چۆن! مەپرسە چۆن!
"لەو ڕۆژەوەی دابڕاوین. هەرچی دەیکەم چونکە بێ تۆن. بێ تام و بۆن!
مەپرسە چۆن. پرسیاری تۆ سەرم دەخۆن!
مەپرسە چۆن. بیرەوەریت سەری عومری کورتم ئەخۆن!
مەپرسە چۆن..! چۆلەکەی ماڵی شیعری من..
پێشان لە دەلاقەی ووشە جریوەیان دەهاتە لات،
ئێستا ڕێبواری سەرە ڕۆن!
مەپرسە چۆن. ڕۆژو شەوم بەبێ مانا دێن و دەڕۆن! "

مەپرسە چۆن. داروبەردی هاوڕێی ڕێگام
هەمیشە لام. ڕووخساری تۆن
لەگەڵ دەنگم وەکو جاران، شیعر نایێ!
لەگەڵ ڕەنگم. کە هەر وەک ئێوارەی زەردە.
وەکو جاران نایێت دەنگی مۆسیقایێ!
دەمووت جێم دێڵێ و هەمیشە. ئەژیم ئەمرم بەدەم تای چاوەڕوانیتا!
دەمووت دەمرم، بێ هەواڵ بم لە شەماڵی بەیانێکی ئاسمانی. سیمای جوانیتا!
مەپرسە چۆن ئێستا گڕم تێبەربووە..
ژەهری کوشندەی دووری تۆ. لە دەمارم دا ڕۆچووە!
دووری، دووری، بەقەدر گریان لەڕووی خۆشی!
دووری، دووری، بەقەدر ئەقڵ لەسەر خۆشی!
دووری، دووری، بەقەدر مانا، لە ژیان و بوونی بۆشی!
***

بۆ گرنەگرم؟! بۆ چاوی ئاشنام بە فرمێسک،
بە مەندیلی پەشیمانی ساتێ بسڕم!؟
بۆچی نەمرم!؟
بۆ گرنەگرم؟!
کە عەشقی تۆ گەرم تربێ لەو دۆزەخەی چاوەڕێمە!؟
بۆچی نەگریم؟!
بۆ نەمریم!؟
یان دەفتەری کارەساتی سەدان هەزار کوێرە وەریم!؟
*****

من دەزانم هێندە باسی ئەڤین بکەم، ڕۆژێ شیعر بانگم ئەکاو یەخەم ئەگرێ!
من دەزانم هێندە باسی سووتان بکەم، ئەم شارەی من ئاگر ئەگرێ!
من دەزانم هێندە باسی عیشق بکەم!
تووتی یەکان.. هەر بەعیشق دەتناسنەوەو عیشقت دەبێ بەسەر باسی ئەم دەوارە!

من دزانم هێندە باسی چاوت بکەم!
هەر بە وەسفی نیگاکانت دەتناسنەوە. هەر وەک شیعرێکی "جاهیلی"
هەڵدەواسرێ ی بە دیواری کەعبەی زوبانی ئەم شارە!
من دەزانم ڕۆژێ دادێ! نووشتەی شیعرم بەتاڵ دەبێ!!!
وەکو دوعای دەستی شێخێکی خوا نەناس
شیعرم سیحری بەتاڵ دەبێ!
ئەوساکە شتێ نامێنێ. لە شیعر باسم نەکردبێ!
جادوگەر و فاڵچی یەکان. قاوەگرەوەو نووشتەچی ی ئەم نیشتیمانەدەتناسن!
من بەشیعر و تۆش هەر بە ئیلهام دەناسن!
چیرۆکمان دوا هەواڵ دەبێ!
من دەزانم لەپێ ئێمە. مەرگی عیشقی لێ نووسراوە!
من دەزانم قاوەی ئێمە دوو تابووتی بێ ناز کەوتووی لێ بینراوە!
من دەزانم هەتا شیعر من بهاڕێ. نە تۆ خەنە لەدەست دەگری و نە منیش گولێ بەهارێ!
*****

بایە قووشی مەرگی تازە ئەمشەو چەند دڵ سەر دەبڕێت!
نەهامەتی ئەمشەو. یاخەی کێی تر ئەگرێت!؟
ئاخ! ئەی سووتان! چەند هیوا لە باوەشی دەگرێت؟!
هەناسەی کورتی یار دەمرێت. شەوی مەرگ یەک لەدوای یەک دێت و دەچێت!
"کات"رادەبرێت! جێ ژووانیش وەک دەستە سڕ،
فرمێسکی یادگاری دەسڕێت!
هەر ئەم شەوە ڕەنگە"بەڵا"ی عیشقی نەزۆک یاخەی منی شاعیر بگرێت!
کەشتی یاریش. بەرامبەر شەپۆلی نوێ
لەنگەر بگرێت!
***

ئەوسای جاران بۆت دەهاتم. پێم بەتووندی زەوی دەگرت!
ئێستاکە وەک نیوە رۆحێک. پێم هەنگاوی نیوە ڕوحانەی ڕێ ئەبڕێت!
بەرگوێم کەوتبوو!
بڤەیە خۆت بدەیتەدەست زریانی ئەوینێکی شێت!
بیستبووم لە وڵاتی حەز، عیشق ژانەو هەر چاوەو عاشق بەئەشکی
خوێناوی شەوانە دەبێت!
گوێم لێ بوو. لەو دنیایەی ئەڤینداری و عەشقی ناوە
ژەهری ژیان بە دەماری عاشقەکان دێت و دەچێت!
بەر گوێم کەوتبوو!
"نا"چۆک دەداو چی عیبارەی نەفی هەیەو ئەوەی ناشێ.
بەرامبەر یەک نیگای دوڵبەر. دەبێت. دەشێت!
ئێستاکەش وا تەمەنێکی پڕ هەناسەی نامورادی، بەسەر دەچێت!

سەر تاپای لەشی شەکەتم وا خەریکە. لە دەریای عیشق نغرۆ دەبێت!
ووشەش شەوانە گۆرانی بۆ سووتانی رۆحم دەڵێت!
زۆرم بەرگوێ کەوت لە تاڵی ی ئەوینداری
زۆرم بیست و گوێم نەدا هیچ. لە پەند و وانەی دڵداری!
تا لەئاکام. عەشق سەرچاوەی ژانم بوو،
چاوەکانیشم رووباری!
*****

کات ڕادەبرێت. تەنیا ئازار نەمر دەبێت!
رەنگە"درۆش"وەکو ئەو بێت!؟
فتوا دەدەم: ئەی ئەوانەی هێشتا عەشق ماڵی خەون و هیوای لێ وێران نەکردوون!
ئەی ئەوانەی هێشتا سووتان. خەوی لە چاوان نەبردوون!
زۆر تکایە لەم رۆژهەڵاتە نەگریسە! لەم وڵاتە پڕ ئیبلیسە!،

با چیریکە گوڵی دڵتان شەهید نەبێت!!
ئەوەی دەروێش بێ بۆ عەشق،
ببورن من پێی دەڵێم"شێت"!!!
***
من کاتی مەرگ دەناسم...!
بۆیە رۆژێ دێ، کە دەمرم
دوا هەواڵی درێژترین دەنگ و باسم!
من شوێنی مەرگ دەناسم!
بۆیە دەبێ بە داخی مانای بەتاڵی سبەی ژین بتلێمەوە!
لێم یەقینە. سبەی لەناو شایلوغانی خەم و حەسرەت،
هیچ شک نابەم. تۆ سروودێکی گوناهی و
جارێکی تر لەسەرمە تۆ بڵێمەوە!

من کاتی مەرگ دەناسم!
بۆیە دەبێ. هەموو گوڵی جوان بناسم!
هەموو دڕکێکیش بناسم!
بەتەنیا هەر قوببەی دڕکی لووتکەی عومری خۆم نەناسم!
من کاتی مەرگ دەناسم!
ئەوکاتەیە دوودڵ لێک جیا دەبێتەوە!!
من شوێنی مەرگ دەناسم! ئەو شوێنەیە کە دوو دڵداری لێ دادەبڕێت!
ئەوسا بوومەلەرزەی عەشق، هەموو دونیا دەگرێتەو!
هەرچی گوڵە لەم خاکە بێ. بۆ ناوخۆی سەردەنێتەوە!
***

شەوانێکە لەو کاتانەی ساڵی مەرگ و لەناو چوونی گوڵی تیایە
شەوانێکە. لەو شەوانەی درک یەخەی گوڵی گرتووەو
ژەهر کڵاوی شەکراوی لەسەر نایە
منیش پەنجەی بیرەوەری ی نێو پەڕاوی ئەرشیفی خۆم بە هەڵدانەوەم ئاشنایە!
شەوانێکە من مردوومە!.....
شەوانێکە کۆست کەوتوومە!.....
شەوانێکە من بەدوای عومرم کەوتوومە!.....
کەچی تارمایی ئەجەلەو جورئەت ناکا هەڵم گرێ!
من وا لەناو بێ جورئەتی کچێ دەمرم
بێ جورئەتی ئەم ئەجەلەش یەخەم ئەگرێ!
شەوانێکە من زیندووم و خۆم ئەنێژم.
خەمی ئەو ڕۆحەی لەبەرمە،

وەک تاڵاوی کۆستی بوونی خۆم ئەچێژم!
من کاتی مەرگ ئەناسم!
بۆیە ڕۆژێ دێ کە دەمرم،
دوا هەواڵی درێژترین دەنگ و باسم!
ئەوەی پیاوی گەورە نەبێ، لە دەنگ و باس ناویشی ناخوێنرێتەوە!
بەڵام منی سیس و پووکاو، دەست و پەنجە بە مەرەکەب و حوبری ڕۆح.
هەر بۆ ئەوەندە ناوم دێ،
"چونکە چاوی تۆ دەناسم"!
بۆیە ڕۆژێ دێ کە دەمرم
دوا هەواڵی درێژترین دەنگ و باسم!
***

من کە مەرگم هەر مەرگی بێ!
بۆچی لەناو ئەو ئازارە نەمرەی خۆم، تل نەخۆم و نەمرمەوە!؟
من کەژینم.. هەر سوتان بێ...!
بۆچی لەناو سووتانی خۆم! وەکو قەقنەس
سووتانی تۆش لە باوەشم نەگرمەوە!؟
من کە هەریەک جار بژیم بۆت...!
بۆچی لەناو زایەڵەی ئاهی شەوانەم
هەر یەک حوزن بە دەم گر یان نەڵێمەوە!
ئەی ئازارە کوشندەکەی زامی دێرین!
من خۆرێکی ئاوا بوومە بە هیوامە جارێکی تر
لە گزنگی عەشقی تۆدا هەڵ بێمەوە!
***

زۆر دەترسم لەدوای ئەوەی شتێک نەما
لە نێوانی ڕەش و سپی فێرت نەکەم
ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە ژووری پۆلی ژیان و بەسەرهات!
لەنێو فێرگەی تەم و مژاوی کارەسات!
بڵێن ئەوە ئەو کەسەیە
دەیگوت:.. "مرۆڤ هەوڵ بدات
قەڵای هیوا دروست دەکات!"
کەچی ئێستا. ئەوە لاشەی هەقیقەتەو
وەک دکتۆرێکی بێ ڕەحم بە دوودەستی
هەپڕوون بە هەپڕوونی دەکات!
***

ئەی مامۆستای دوێنێی عەشق و خۆشەویستی !
ئەی مامۆستای ئەمڕۆی ڕق و خۆپەرستی !
لێم ببوورە ئەگەر ئێستا حاشا بکەم!
پەشیمانم. ئەو دوند نەبووی کە مامۆستاکەت وای ویستی!
تۆ هەر خۆشەویستی خۆتی
تا دونیا کاروانسەرابێ!
کەس وەکو من عاشق بەچاوی تۆ نابێ!
من دەزانم! خۆشەویستی لای تۆ چییە!
من دەزانم! لە چیرۆکی خۆشەویستی هەموو دنیاش
سووتان لە شێوەی سووتانم. نەبووەو نی یە!
من دەزانم هیچ عاشقێ! وەک من ژەهری خۆشەویستی ی
لەناو خوێنی ڕۆ نەچووە!

من دەزانم ئەوەی ڕقیشی لەتۆبێ، بۆ خاتری شیعرەکانم!
بۆ خاتری سووتانی من. عاشق بەچاوی تۆ بووە!
****

تا بەرق لێم دوور کەویتەوە،
هەر بە خۆشەویستیت ژیام
کە بە ئەوین گەڕایتەوە،
بووی بەرق و قینی سەرتاسەری دنیام
ئەگەر ویستت! لە خۆشەویستی خۆت بروێ ی!؟
ئاگادار بە.. سەر نەدەیە تەکیەی ئەوسام!
نەکەی گیانە! بۆ بتخانەو خانەقام بێ ی!،
نزیک مەبە لە سنوور و تەڵبەندی قین و ڕقمەوە!
ئێستاکە من دڵم لوغمە!

شیعرم لوغمە!
زارم لوغمە!
ماچم لوغمە!
نیگام لوغمە!
دەترسم بێ ی بە یەکجاری بتەقمەوە!
****

تۆ بەکلی چاوی ووشەت منت کردە چیرۆکی فرمێسک و گریان!
تۆ بەگڕی نیگاکانت منت سوتاند!
من بەشیعر تەمەنی تۆم لەناو یادگاریما خنکاند!
دەپێم بڵێ! بۆ ئەوەندە بەخوێنی یەکتر تینوو بووین؟!
دەپێم بڵێ! ئەی وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکان!؟
بۆ وەک مناڵ! ماڵۆچکەی خەیاڵمان چێ کرد؟

بۆچی زوو زووش بە هەڵپوونێ
بووە قوربانی دابڕان!؟
دەپێم بڵێ. دەپێم بڵێ
ئەی ئەوبتەی! پەرستنێ. ئەمپەرستی، تا سەر ئێسقان!
ئەی ئەو کچەی! خۆش ویستنێ خۆشم ویستی، وەک خۆشەویستی کوردستان!
دەپێم بڵێ ئەی بتەکە! چۆن؟ لەپای چی؟
هەر زوو بەزوو بتی یادو ئەو دڵەمت
بە دەستی نامەردی شکان!؟
***
تۆ خەون بووی.. شیعر ئەوسا گۆرانی
تۆ خۆت کوشت و شیعریش عومری نەوجەوانی!
ئاگر نەما. دڵی من پێی نەسووتابێ!

یادێ نییە. چاوانم بۆی نەگریابێ!
وەکو ئەوسا. بێ ڕەحمانە دڵت داوای تەمەن ئەکا!
وەکو ئەوسا. حەزت لە شیعرە گیانە!
بۆ هێندە بە ئەشکم تینووی!؟
تۆ عاشقێکی ساریت و ئومێدت بۆمن سووتانە!
داوای عەشق لەدڵ مەکە.. گەر ئێستا عەشقی تیابێ!
وەکو ئەوسا. هەر فرمێسکت لەمن دەوێ!
وەک بڵێی دڵم نەشکابێ!
بڕۆ گیانە ئۆغرت خێر! کابووسی ڕەشت لەدوابێ!
***

ڕۆژێک دادێت. چاو بەفرمێسک دێیەوە!
کە سۆز سەرت پێ هەڵئەگرێ و لە دەرگای یادی زوو ئەدەی!
ئەو سا ڕەنگە بۆ نیگاییکی شێتانە!
شەڕی سێیەمی جیهانی بەرپابکەی!
بە تووڕەییت سەغڵەت نابم!
بەسەر شێتیت دڵنیاییم ئۆقرە ناگرێ!
تاسەشم ئەوسا شکاوە!
کەسۆز سەرت پێ هەڵئەگرێ. بۆ وڵاتی مەینەتی من، لە دەرگاوە!،
مەرگی گوڵ و خونچەی دڵی من ئەبینی
ئەوساکە گیانە هەست دەکەی
ئەو کۆمارەی ئەوسای عیشقت،
سەرۆک کۆماری گۆڕاوە!
***

"... تۆ...."! ئەی کچە سەر شێتەکە!
دووهەزار جار هەر"ئاخ لەتۆ"!!
بەهارێک بووی زوو ڕابووری و
لە سایەتا. نەمن ژیام. نە گوڵی خەندەیەکیشمان بۆ بەهارێ نەیکرد چرۆ!
دەبوو وابا! تۆ کچێکی بێ جورئەت و منیش حەمەدۆکی یاخی!
کەی سایەقەی لوتکەی چیاو
هەڵقرچانێکی گەرمەسێر یەکیان گرتووە!
دەبوو وابا. تۆ ئاوازێکی بێ نۆتەی . کەمانچە ژەنێکی شێتی
منیش گریەی منداڵانی نیشتیمانێ
لە پێشی تۆ!
ئەو دڵەی من. دێوانەی دوا ئەڤینیەتی!
***

بیستم ئەڵێن پێدەکەنی. گریانی چوار ساڵی عەشق.
هەر بەسەرابێ ناو دەبەی!
بیستم ئەڵێن. ئێستا بۆ یاد. وەک لافاوی"نیل"هەڵ دەکەی!
بیستم ئەڵێن. ئێستا لەگەڵ شایلۆغانی عەشقی نوێ،
دەستەو یەخەی!
بۆ نا گیانە!
پێبکەنە! وەک چۆن دوێنێ هەر نەبووبێ! لەم ژیانە!
پێبکەنە! تا ئێستا خۆشیت نەدیوە لەژێر سایەی خۆشەویستیم!
بۆیە ئێستا دڵت لەگەڵ شادومانی لە ژووانە!
هەموو شتێک لەبیرکە زوو
ئەوەی دوێنێ هی ڕابردوو
ئەوەی هات و ئەوەی کەچوو!

بۆنا گیانە! کۆشکی بەرزی عەشق و ژیان ئێستاکە وا لەڕووخانە!
هەگبەی پڕ لەخەنرەو پەپوولەی ماچەکان تۆماری چوار ساڵ سووتانە!
بیخە ژێر پێت بێ ڕەحمانە!
پێبکەنە. تا هێزی بینت تێدابێ
لەم سەردەمەی. کە نان و گوڵ لێی ئەکوژرێ و
هەمووشتێک زوو دەگۆڕێ!
سەیر نیە تۆ تۆ بگۆڕێ ی. من غافڵم ڕەنگە ژیانیش گۆڕابێ!
***

گیانە ئەوەی عاشق نەبێ و نەسووتابێ!
سەدای شیعری منی ناوێ!
رەنگە نەزانی بۆ وابێ!
ئەوەی دڵی نەسووتابێ!
چۆن دەگرێ بۆ دڵ سوتاوێ!
***

کە وون دەبووی ئەوسا شیعر لە ئێوارانی تەمەنما بۆت دەگەڕا..
گۆرانی وای بۆ دەوتی؛
ئێوارەدێ و ئەوشارەی من. تەنیا بۆنی عیشقی لێ دێ!
ئێوارەدێ و عەشقی هەولێر . لە عەشقی تەڕی تۆ دەچێ!
تۆ لەکوێ ی؟. تۆ لەکوێ ی. تۆ لەکوێ ی
ئێستا لەکوێ ی بۆچی لە ئاست سەدای من گوێت داخستووە!
خۆ من داروبەردی شارم، بەبۆنەی تۆ خۆش ویستووە!
شەقام چاوی لە ئەنگۆرەی، شەوێکی درێژ بڕیوە!
ژیان لەلای هەندێک سەوزەو، لەلای هەندێک گەڵاکانی هەڵوەریوە!
ئێوارەدێ و یادی ڕۆژان کابووسی مەرگ و مردنە!
ئێوارە دێ و بینینی تۆ، شادی من بووک بردنە!
تۆ لەکوێ ی من لەوشارە وێرانەدا بۆت دەگەڕێم!

بۆ خۆت ون کردووە بێ هەواڵ. وەکو ئەیوب والە ژووری.
زەرد هەڵگەڕاوی چاوەڕێم!
تۆ لەکوێ ی؟! تۆ لەکوێ ی!؟
کام ئەستێرەت بۆ عەشقی خۆت کردۆتە خاکی نیشتیمان!
کام گۆرانیت کردۆتە مارشی ئەوین و لێک دابڕان!
کامە شنەبات لە جێی پەنجەم کردووە بە شانەی پرچی خۆت!
کامە"چاوە"ئێستاکە وا سۆفی ی تۆیە وەرگرێ بۆت!
تۆ لەکۆێ ی و کامە شیعرت بۆخۆت کردۆتە دەسگیران!
پەنجەرەی کامە یادگاریت کردۆتەوە لە خەم و ژان!
تۆ لەکوێ ی؟! بۆ نادوێی. بۆ سۆراغم کۆستی نوێ ی!؟
بۆ وەکو گوڵ؟ هەروەک جاران لەباخی ئەم ئاهەم ناڕووێ ی!
ئێستا بەدیار، کامە ووشە، کامە پرسیاردا دەگەڕێ ی؟!

ئێستاکە تۆ! بیرم دەکەی؟ وەک من ئەیوبی چاو لەرێ ی؟!
تۆ لەکوێ ی؟ کام ئاسمانت. لە چاوانتا حەشارداوە
لە دۆزەخی کامە خودای، ئێستاش مەیلت نەگۆڕاوە
تۆ لەکوێ ی. بۆ نادوێ ی. ئەم شارە وا خەوی لێ کەوت!
درەخت و گوڵ . تا ئەستێرەش ئۆقرەی نەما وا ئەویش خەوت!
تۆ لەکوێ ی؟ تۆ لەکوێ ی؟ تۆ لەکوێ ی؟
من دەروازەی بەختی ڕەشم لە عەشقی تۆ کردەوە
بە ژان و ئێش یادەکانتم بۆ ژووری چۆڵ بردەوە
ئەوە جوانێ! رادەبرێ لێم دەڵێم"ئەوە"!، بەڵام تۆنی...!!
من ڕاهاتووم لە هەرکوێ جوانی ببینم دەڵێم"ئەوە"بەڵام تۆنی!!
تۆ لەکوێ ی؟! بۆ نادوێ ی؟! تۆ لەکوێ ی؟! بۆ نادوێ ی؟!
***

کاتێک لەناو مەراسیمی نەغمەی یادێ!
هەواڵی ڕەش لەگەڵ دەنگی ڕەشەبا دێ!
شیعرێکی تر دائەگیرسێ! ژەهری مەرگ بەبەیاری ڕۆحم دادێ!
کاتێک وێنەی ڕۆژانی زوو. هەروەک فیلم چیرۆکەکان دەگێڕتەوە!
ئاوازێکی تر دەسووتێ
کاتێ تینووم بۆ هەر دەنگێ لەلای ماڵی ئێوە ڕابێ!
گریانێکی تر گڕ ئەگرێ
کاتێک حەزی ماچێ ئەکەم وەک ماچەکانی بەیتونەو
تامەکەی تامی ئەوسا بێ!
هەڵێکی تر پێم ئەکات!
کاتێک— لەناو گومانی دڵ ئارەزووی دیدەنیت دەکەم
پرسیارێک سەرم گێژ ئەکات!

مەرگێکی تر ئەمسووتێنێ! پەتێکی تر دەمخنکێنێ
ڕقیش ئەوین لە دار دەدات!
پرسیار. پرسیار. جورئەت دەکەم. وەک بەوری سەرشێتی عەشق
بۆ ناو چاوی مەرگ ئەچم! ئەڵێم ئاخۆ؟ ئەو لێوە فەریکەی ئەوسای،
هەرواماێ. دەبێ لێوێ، جیا لەلێوم. لێوی لەلێوی نەدابێ!
کاتێک ئەڕۆیی، بە زار و قەڵەم و شیعرم هانام هێنا
ووتم کچێ سەفەر مەکە. ئەم سەفەرەت پەشیمانی بەدواوەیە!
ووتم ئاهم دەتسوتێنێ. شیعر. نەعلەتی سووتانی بەدواوەیە!
ووتم..ووتم. ووتم شاعیر غەزەبەکەی کابووسێکە،
چاوگی لە غەزەبی گەورەی خواوەیە!
هێند ووتم سەفەر مەکە. تا سەودایی ئەم سەفەرەت
بەهاریشی گۆشە گیر کرد!

هێندە ووتم کچێ مەڕۆ. خۆت مەدە دەست شەپۆلی چارەنووسی شێت!
تا ئەو دڵە جوان پەرستەت لێم یەخسیرکرا!
بیرت نایە چەند پێم ووتی:
بۆ کوێ دەڕۆی، کامە ئاسمان دەکەی بەجێت؟!
بۆ کەس هەیە، دڵی لەمن گەورەتربێت؟!
بۆ کوێ دەڕۆی؟.. دڵنیابە هەڵەیە ڕێت
دڕکی هەزار پەشیمانی..دەچێتە پێت!
بۆ کوێ دەڕۆی بۆ سەری یادەکان دەخۆی؟
تۆ ڕاهاتووی باوەشمی و سووتاوی بۆی!
بۆکوێ دەڕۆی بۆ بەفرمێسک لاشەم دەشۆی؟
کێ شک ئەبەم! کە چرپەو یادم هەرئەتۆی!؟
بۆ کوێ دەڕۆی؟ بۆ یاخەی کۆچت گرتووە؟

تەنیام مەکە، لەم ڕۆژگارە چەق بەستووە!؟
بۆ کوێ دەڕۆی، بۆ مەرگی خۆت یان مەرگی من،
تەدارەکی ئەم سەفەرەت ڕێک خستووە!؟
بۆکوێ دەڕۆی شار هەرهەمووی سەرسامە لێت
کەوابوو؟ کەی عیشق و سووتان وادەبێت!
بۆکوێ دەڕۆی، ئەیڵێمەوە تەلبەندە ڕێت!
کۆچت مەرگە، بۆ گەڵای عومرم هەڵوەرێت!؟
بۆ کوێ دەڕۆی. هەموو دنیا پێ دەزانی
تەنیا بۆتۆ، عەشقم کردووە بەگۆرانی!
بۆکوێ دەڕۆی؟ سەر هەڵبڕە ئەی بتەکە
پاش تۆبۆکێ بکەم کاری بتەوانی
بۆ کوێ دەڕۆی. بەس وەرەگۆ. وەرە وەڵام

ئەی پیرۆزتر لەو یادانەی جێت هێشتووە لام!
بۆ کوێ دەڕۆی، بۆچی چۆڵ دەکەی پەرستگام!؟
من ڕەگێکم لەگەڵ عەشقی تۆ بوو ڕووام!
بۆ کوێ دەڕۆی؟ کامە ئاسمان دەکەی بەجێت؟
ئەی ئەوکەسەی هەموو شتێک هەر شیعرە لێت!؟
بۆ کوێ دەڕۆی تۆ نازانی من دەمێکە ڕاهاتووم لێت!؟
تۆ نازانی"عەشقت خوێنە بەدڵم دا دێت و دەچێت"*؟
ئەی کچۆڵەی ماچ و شیعر. تۆ جێم دێڵی و چۆن دڵت دێت؟
بۆکوێ دەڕۆی قەت ناپرسی"دوای من شیعر بۆ کێ دەڵێت"؟!
ئاخر کەی وادەی کۆچتە. تۆ بڵێ خوا ڕازی بێ لێت؟!
بۆ کوێ دەڕۆی؟ کەسێک هەیە وا شێتانە تۆی خۆش بوێت!؟
بۆ کوێ دەڕۆی، کچی سەر شێت بۆ خۆت دەکەی بە کابووسی

*فەرەیدون عەبدول بەرزنجی

شەوانی شاعیرێکی شێت
بۆ کوێ دەڕۆی ئاگری دۆزەخی عیشق بۆ کوێ دەچێت؟
ئاخۆ کەسی لەمن نەفام تریش هەیە پێ ی بسووتێت!؟
ئاخۆ کەسی وەک من هەیە، ئەو هەموو شیعرەت بۆ بڵێت؟!
دڵنیامە ڕۆژێ هەردێ، پەشیمانی ئاشنای ڕۆحی تۆ دەبێت!
ئاخ لەخەمی پەشیمانی، ئەوسا دۆزەخ بۆ بەهەشتی تۆ ساز دەبێت!
دڵنیامە، دڵنیامە ئەگەر بڕۆی لەجێگای خوێن خڕۆکەی ژەهری
بێ ڕەنگی پەشیمانی بە دەماری..
ناسکی تۆ دێت و دەچێت!
تۆ ڕۆیشتی و ئیتر عەشق سووتانێکە،
هەر دەبێ من پێی بسووتێم!
تۆ ڕۆیشتی و ئیتر عەشق ئاوازێکە
هەر دەبێ من گۆرانی خەمی بۆ بڵێم

تۆ ڕۆیشتی و ئیتر من خۆم. خەمێکی وەنەوشەییمەو
بەهاری ساڵ پایزە لێم!
تۆ ڕۆیشتی ئیتر، ئیتر، ئیتر یادت،
یادنامەی مەیتکای عومری بێ دوایی یە
ئیتر عەشق. سوتانێکی ئەبەدییەو بۆمن عیشقی خودایی یە!
هەموو شەوێ دوای خوێندنەوەی،
چارەنووسی گوڵ و خونچەی بسک بە خوێن
ئەوسا چاوم بۆ وەنەوزی خەوێکی حەسرەت لێک ئەنێم!
ئیتر هەتا ژیان مابێ گۆرانی پڕ تاسە ئەڵێم!
ئیتر نەئاسمان ئاسمانەو
نە هەور و ڕەهێڵەو باران.. تا من شیعری پێ هەڵبڵێم!
ئیتر نەمنیش "ئەو کەسەم" فرمێسک بڕێژم وەک باران!

نەوەک ئەیوب لەسەر شۆستەی چاوەڕوانی دابنیشم
بۆ ڕوحمی خودای عیشقی تۆ!
نە هۆنراوەش دەهۆنمەوە بۆ چاوی تۆ وەکو جاران!
ئیتر عەشق ژەهراوەو چۆتە خوێنمەوە
ئیتر شیعر تلیاکەو وەکو جگەرە، عومری بەدیار دەتوێنمەوە!
ئیتر شتێک بوونی نیەو مانای نییە!
هەتا دووچاوی جوانی تۆش!
بۆ ناونیشانیش مەگەڕێ، ناونیشانی ئەم عەشقەمان
بووە "خەوی دووعاشقی خەوخۆش. ئەمما مێشک نەخۆش!"
***

لە ئەلفەوە تاوەکو یا، تۆ بێ وەفای!
هەر لەیەکەم دیرەنییەوە، زانیم بۆ گیانم ئازاری و
بۆ خەونەکانم فاتیحای!
***

ئێستا پەندی عیشقت فێربووم!
بمزانیبا! ئەو دڵەی تۆ. خانەوادەی خەمم نابێ....،
حەزم دەکوشت!!!
بمزانیبا! نە شیعرێکم بۆت دەهۆنی و
نە فرمێسکێکم بۆت دەڕشت!!!
ئەوسا هەر لەگەڵ هاتنت گوڵاڵە سوورەم سەرئەبڕی و
داواتم ڕەت دەکردەوە!
خۆزگە ئەو دڵە مردووەم بۆ ئەوساتەش نەدەژیاوەو
هەرلەوێندەر دەمردەوە!
بێ ئەمەکی هەرواش دەبی ڕاهاتووشم لەبەر چاوە
بێ نمەکی و وات دەبینم بۆ میوانی دڵێکی تر، ئەو دڵەی تۆ
وەک گارسۆنێک. دەست لەسەر سینگەو وەستاوە!

هێندە شارەزای چاوتم. فاڵی وەفاو چارەنووسین
بۆ چاوانت دەگرمەوە
لەناو لەپی حەزی ڕەشیش. عفریتت لێ بەدی دەکەم
من دڵنیام هەتا دەگەم بەیەقینی خۆشەویستیت
سەرجار دەژیم، ئەمرمەوە
لەناو چاوی جادوو هێنت، نوشتەیەکی بەخت بەستت
لە ڕمی نیگاکانت بەستووە. سێرەی گرتووە
لەناو دڵی عومرمەوە!
*****
ئەی ماسی یە سەر شێتەکەی نێو ڕووباری حەز و گاڵتە!
تۆ هەر لەناو ئەلبوومی"جنس"مەلە ئەکەی
لە لەزەتی عومر ناگەی. تازە وەرزی

گاگۆڵەو گڕوگاڵتە !
تا وابژی. نەوی دەژی
خەونت نەوی،
نیگات نەوی،
چاوت نەوی و هەر باڵای نەوی دەبینێ!
تۆ منالی و لە منالی خۆت ناکەوی!
نالکێکی منالانەت بۆ خەونی نەوی خۆت پێ یە!
"ئاخ"چەند سەختە تۆ منال بی و خەونی منال
لەناو بێشکەی گەمەو یاری منالانە، بە گەمژەیی یاری بکات!
ئاخ چەند سەختە. لەگەڵ ئەوەش، منالێکی دەبەنگ
عومرت بلاوێنێ!
.. منالی تۆ! هەر بەستەی نینۆک کردن و پشە سپی و

ئەی تۆپەکەو نەخش و نیگار
بۆ مەلۆتکەکەت دەخوێنێ!
ئێستا پەندی عیشق فێربووم!
ئێستا وانەی منالانەم بەچاوی مندال خوێندەوە!
ئێستا فێر بووم.. عیشقت بکەم بە شیعری گڕ،
بە شیعریش خۆم بکەم بە شاکاری نەمر!
هێندە وتم.."تاتی. تاتی"
بۆ سەرچاوی چەپ و ڕاستم بەخێرهاتی!
تا بووی بەکولانەوەی زامەکان و
پەڵەی ڕەشی کارە ساتی!
***

من شاعیرێکی عاتفیم...!
لەو بنارە.. مێشێک بکوژرێ من سوومە،
ئەی بووکی ژێر چەپۆکی ڕەش؛ لە داوەتی پێناسینا.
لە شایی ئەڵقە گۆڕینا. خەم خەسوومە!
من هەمیشە گۆشەگیرم!
خەم لەتۆ و لەکچانی ئەم وڵاتە نەگریسە دەخۆم!
بە یەک ڕۆژ سەد عومر ئەژیم
بە یەک شەو باجی مێژووی بوونی خۆم ئەدەم!
لەم وڵاتەی کەسێک ناوی شۆڕش بێنێ دەبێ بەدرۆم!
لەم وڵاتە. من عاشقی چیاو کانی و گوڵە باخ و
چاوە پڕ گوناهەکانی تۆم !
من شاعیرێکی عاتفیم!

تاوانبارم!.. چونکە دڵی کچ نادزم
"چیایەک بەردی لێ بێتە خوار من خەممە.."
خەمی گلانی ئەسپە کوێر.
خەمی ڕمانی کۆشکی سوور.
خەمی بردنی خوێنمە.
خەمی کەفی هەناومە..
خەمی برای کوژراومە
خەمی شکانی ئەژنۆم و چراکەی هەردوو چاومە!
من شاعیرێکی عاتفیم! من خۆم دڵێکی دزراوم!
دڵی هیچ کچێک نادزم!
چونکە گیانە هەرچی دزبێ لەم دنیایە
بەژنی لەلام بەقەدر بەژنی پێڵاومە!
***

چەند حەزدەکەم. جارێکی تر، گۆرانی بۆ چاوەکانت بڵێمەوە!
چەند حەزدەکەم. جارێکی تر، دەم لە دەمت بنێمەوە!
چەند حەزدەکەم وەکو جارام، شەکری عومر. لەناو قسەو دووانێکا،
لە گفتوگۆو ژوانێکا. بۆ بەختیاریت بتوێنمەوە!
ئاخ لەو دڵە شاعیرەی خۆم. چەند حەزدەکاو. حەزو تاسەش
شتێ نییە! هەر سەرابە!
چەند حەزدەکەم. وەکو جاران. بێمەخوارو کێڵگەی جەستەت،
پاوانی سینگ و مەمانت. بۆ وەنەوزێ بژێنمەوە!
چاوی برسیم. خوێنەرێکی. تینووی چاوەکانی تۆیە!
چەند حەزدەکات. وەکو جاران. لاپەڕەی خەون و حەزەکان
لە نیگاتا بخوێنێتەوە!
زۆر حەز دەکەم. بۆ مەرگیش بێ. لە باوەشت بگرمەوە!

ئەترسم تاسەشم بمرێ و
بەبێ حەز سەر بنێمەوە!
ئەترسم فریا نەکەوم. شیعرێ بۆ کێڵم بنووسم!
ئەترسم کۆچم دوا کۆچ بێ
گۆرانیێ بۆ مەرگی پڕ حەسرەتی خۆم نەڵێمەوە!
***

وا دانیشتووم لە بتخانەی عومرمەوە!
لەناو کسپەی نامورادیم..
ماڵی عەشق بۆ بەختی خۆم ئەگرمەوە!
وا دانیشتووم. لە چایخانەی دڵی هارم!
بەدوای ئۆقرەدا دەگەڕێم!
بەتای حەسرەت. لەناو خەفەت ئەگەڕێم و هەر ئەگەڕێم!

ئارامیشم یاخی بووە لێم!
وا دانیشتووم. لەناو ئەلبوومی فرمێسکم
لەساتێکی عومری بێ فرمێسک ئەگەڕێم!
بوومە دەروێشی فرمێسک و
هەر گریان شێخمە بۆ ڕێم!
وا دانیشتووم. دەستەو ئەژنۆ..
مردووم بەڵام، دەژیم بە چاوەڕوانی تۆ!
دەڵێن شەماڵ عەشقی قژتە،
ڕەنگە بێ و هەواڵی بێنێ!
گیانە هەرەچەند"غیرەم"لە بای شەماڵیش بێ
چونکە لەلای تۆوە ڕادێ!
بابێ و دڵیشم دەربێنێ!

وا دانیشتووم. لەسەر پەیژەی ڤێلای جاران،
هەمان هەوار
عومر ئەگری و خەون ئەگری و تاسە ئەگری
بۆ ئاواتی ژێر پێ کەوتووی بەبێ شوومار!
وا دانیشتووم! بەدیار پەنجەرە تەلْفەکەی ژووری تەنیا
وا هەست دەکەم لە هەموو چیرۆکی دنیا..
کەس وەکومن عاشق نەبووەو نەسووتاوە!
وا هەست دەکەم من زۆر جییام!
لەناو چرکەی چاوەڕوانی هات و نەهات!
تل ئەخۆم و . ماری حەسرەت
بەپەنجەی گیانم وە دەدات!
وا دانیشتووم نەفەسی ساردی عەشقت بۆ هەڵدەکێشم!

ئاخ! نازانی من لەو رۆژەی بەجێم هێشتی..
بۆ ئەو رێیەی لێ دێتەوە
دێوانە ئاسام دەروێشم!
****

من خۆشەویستێکم هەبوو. لە سەردەمی گوڵ سەربڕین
عیشقم بۆ کرد بەگۆرانی
من خۆشەویستێکم هەبوو. لە وەرزی سەفەری شادی
پەنجەم ئەکرد بەباڵای مۆمی شەوانی!
دڵم ئەکرد بە پەرژینی زام و ئازاری سووتانی!
من خۆشەویستێکم هەبوو. ساکار بوو
هیچی لە عەشق نەدەزانی!
کەچی کاتێ وەختی خەرمانی فرمێسک و شەونخوونی شەوانم هات!

بەجێی هێشتم. وەکو مەلێکی کۆچەری
بوونە سەراب ووتەکانی!
نامەیەکی بۆ سوتانی شەوم جێ هێشت، تلامەوە لەناو.
دوودڵی و گومانی
لێ ی نووسرابوو؛"لە یادم کە. ئێستاکە من.
خەون بەشیعر و قەڵەمی تۆ نابینم
هی کەسێکم لەجێی قەڵەم. هەر دۆلارە
لەنێوانی پەنجەکانی"!!
*****
سبەی ڕۆژ کە دەمبینیەوە
سیمای زەردم ناناسیەوە
"کە سەر هەڵئەبڕم باڵات لەپێشم

هەمان چنارە من بۆی دەرویشم"
دەلێم: چۆنی؟
هێدی ئەلێ ی"من ناتناسم"!
"وێنەیەکی ئەلبوومی ئەو دڵەمت نیشان دەدەم. دەلێم تۆ"نی"ی!
لێوی زەردی بەر زەبری یاد. ڕەنگی ماچتی هەر پێوەیە،
بۆ نامناسی!؟
"دەلێ"ی "تۆنی"ی...
"چاوی کزم ئێستاش ماکی ئەوینی پاکی پێوەیە، نامناسیەوە؟
هێدی ئەلێی:"نەخێر ئەونی ی"! "ئەو مرد ئیتر نایەتەوە"
هێدی دەڕۆی هەر ڕووخسارم ناناسیەوە!
جێم دێڵی وەک چۆن جێت هێشتم
گوێت نەگرت لەسووتان و دەنگ و باسمەوە!

ئەوسا هێدی من ئەو گۆرانیەت بۆ دەڵێم:
"بمناسەوە.. بمناسەوە
من کەسێک بووم ڕۆژانێک بوو
خەوت بە ئامێزم ئەدری و
دەگریای بۆی بەتاسەوە!
بمناسەوە! تەمەنێکی درێژنی یە هەواری تۆم جێ هێشتووە
وەک هەر ڕێبوارێکی ڕێگات بۆم دەڕوانی!
بمناسەوە.. تۆبووی دەتووت ڕۆحی منی و
خۆراکی بەهەناسەوە!
بمناسەوە. ئەی خۆشەویست
من ئەوکەسەم کە تۆم خۆش ویست. ژینم نەویست!
بمناسەوە هەر ئەکەسەم بۆتۆ ژیام!

ئێستا هاتووم لە رووخسارم گەرچی گۆڕام
بەڵام لەناخما وەک ئەوسام!
بمناسەوە!
ئەوسای تەمەن چەندە خۆش بوو
نە دووریمان لەلاخەم بوو. نە مردنیشمان پێ خۆش بوو!
بمناسەوە، ئاوڕ دەوە
یادی بەڵێنت بکەوە!
شوێنێک نەما یادگاریمان لێ ی نەبووبێ!
جێگا نەما. چاوی حەزمان بۆی نەچووبێ!
بمناسەوە. لەم شارەدا ئێستاکە نامۆم و هاتووم!
کەمێک لەسەر سەرینی یادی تۆ بنووم!
تا قەرەجیش ئاشنان بەمن!

دارو بەرد و شەقام و ڕێ دەمناسنەوە!
سەرسامم لێت چۆن چاوانت
جمکی چاوەکانی خۆیان ناناسنەوە!
هەرچاووم بوون پیرۆز بوون لات!
نەمزانیبوو ڕۆژێ دادێ چاوەکانت!
دووهاوەڵی خۆشەویستی چاوەکانم لەبیر دەکات!
بمناسەوە. یادم بکەوە.
هەر ئەوشارەی مەڵبەندی خەونی ئێمە بوو!
ئەو خەونانەی بوونە سەراب. ئۆباڵ بەکێ وەڵام دەوە!؟
بمناسەوە. من تائێستاش بە گۆپاڵی عەشقت ئەڕۆم!
شوانێکم ڕەنجم بۆ چاوەکانت دا
ئێستا دەزانم ڕەنجە ڕۆم!
***

کاتێ لەگەڵ دار کاژی ڕێ. خەیاڵ هەنگاو بەرەو یادگاری تۆ دەبڕێ.
کاتێ لەگەڵ ئاوابوونی خۆرەتاوا. دڵ مەلیێکەو
بۆلانەی عیشقی تۆ ئەفڕێ!
کاتێ کەخەم پێم ئاشنایەو دەبتە نێزیکترین هاوڕێ!
ئەوساتە تۆ گۆرانییێکی بەسۆزی و گەرووی من بەبۆنەی یادت
بەردەوامی تۆ ئەچڕێ!
گیانە کە یادی تۆ دەکەم. ژیانیش ڕۆح لەبەریێکە!
کە دەسووتێم لەناو یادت. ئەم ژیانەش
دەوەرێ و سیس دەبێ و دەمرێ!
کاتێ وشەی شیعری گریاو بۆ سووتانێکی ئەبەدی ئەشک.
ئەسڕێ!
ئەوکاتەش من خەمەکانم سەرچۆپی بۆیادت ئەگرێ!

ئەی نامۆتر لەبەختی من،!
چۆن بۆم دەکرێ. خەمی دووری تۆ هەڵڕێژم بە فرمێسکم
فرمێسک نی تا لەچاوم دەرت بێنم!
تۆی هەمیشە دەریای هێمن!
تۆی هەمیشە دەریای بێ بن!
ئیلهامی فرمێسکی بۆمن!
*****

یادت دەکەم. یادت دەکەم
بەسووتانم شادت دەکەم
گەر پایزبێ یانیش بەهار
گەر تاریکی بێ یانیش روون، گەربوون مانای نەبوونی بێ!
یان نەبوونی بێ بەبوون، یادت دەکەم. یادت دەکەم

بەسووتانم شارت دەکەم!
هێمن . هێمن
کە بەیانی ئەم دنیایە دەکا ڕۆشن
کاتێ چپەو یادی شەوان دەکەونە نێوگۆمی بیرەوەری لیفن
کاتێ بۆن و بەرامەی ماچ هێشتا ئاشنای مەلی ڕۆحن !
نامەو وێنەو، چرپەو دەنگ و نیازەکانت تێکەڵ بە خەیاڵم ئەبن!
لە یادنامەی شاعیرێکی هەڵوەریوا، لەناو چاوتا
تۆو شارو زام و خەڵک و قسەوباس و
راز و نیاز گەورە ئەبن!
وەک زامی دووری ی عەشقی تۆ. گەورە ئەبن. گەورە ئەبن!
داخەکەم هێشتا نازانی
من چیم بۆ تۆ؟"تۆ"چیت بۆمن؟!

یادت ئەکەم. یادت ئەکەم
بەسووتانم شادت دەکەم
گەر پایزبێ یانیش بەهار
گەرتاریکی بێ یانیش ڕوون
گەربوون مانای نەبوونی بێ و
یان نەبوونی ببێ بەبوون
یادت دەکەم یادت دەکەم
بەسووتانم شادت دەکەم
کاتێ لەگەڵ ئەستێرەکان وەکو شەوان.
شەوانی ڕابردووی سووتان
خەم ئاڵ و گۆڕ ئەکەینەوە
کاتێ پەڕی یادێکت هەڵ دەدەینەوە

لە کۆتایی هەر چیرۆکە ژانێکی تۆ
لە سەرەتای نائومێدی و حەسرەت دەست پێ دەکەینەوە!
کاتێ قەڵەم ئەگرمە دەست بۆ نووسینی چەند وشەیێ
کاتێ ژانی یادەکانت لەنێو خوێنم دا دەمەیێ!
کاتێ لەدیار چۆڕاوگی خەم..
کاتێک لەبەر. بەرهەیوانی نائومێدی لەگەڵ ژانا
دەستەو یەخەم!
چیلکەداری درەختی عەشقی دوێنێمان
لە خویناوی یار وەر دەدەم
کاتێ شەوان"دەست بۆ فەرهەنگی شەو دەبەم"
بە تاسەی هەموو چرپەی جوان
بەیادی هەموو ساتێکی لە یەک ڕامان
یادت دەکەم. یادت دەکەم

بەسووتانم شارت دەکەم
سبەی لەنێو ڕۆژێکی تەم و مژاوی
کاتێ وانەی عیشق و ئەڤین لەسەر تەختە بۆ قوتابیان دەنووسیەوە
لەناودێڕێکیش شک نابەم ناوی بێنی!
ڕەنگە لە گۆشەی حەسرەتێک، لە بنمیچ و قوژبنی
یاد و غورەبەتێک بەنهێنی و زۆر نهێنی
ئەوسا مامۆستای ئەڤینت سەر دەربێنێ !
منیش گیانە هەتا دەمرم هەر خەم و خۆم دەخۆمەوە
وەک قەقنەسی ئاوارەی ئاسمانی پایز. بە فرمێسکم چاوی مەستم
دەشۆمەوە!
"من ئێستاکە لەمەرگی دووریت ڕاهاتووم"
پێم دەوتی"بۆ سووتان و هەڵ قرچانی ئەبەد هاتووم!
بێ گومانم ئاساییە ئەوساکە، کە جیا بینەوە. بە مەرگی خۆشم ڕاهاتووم!"
****

یادت دەکەم. یادت دەکەم. بەسووتانم شادت دەکەم
گەر پایزبێ یانیش بەهار. گەر تاریکی بێ یانیش ڕوون
گەر بوون مانای نەبوونی بێ و یان نەبوونی ببێتە بوون
یادت دەکەم. یادت دەکەم
بەسووتانم شادت دەکەم!
هەرمن بەتەنیام هەرمن بەتەنیام..هەرمن بەتەنیام. خەجاڵەت بۆخۆم!
لە بوحرانی عیشق خەم بۆخۆم ئەخۆم!
لە پێکی حوزنا. تەمەن ئەژمێرم. بۆ نزای عومرێ گوێ ڕائەدێرم!
غەریبی هەوار. وێڵی کۆچەو جێم.
بەموناجاتی تەهلیلە ئەدوێم
مەوجی شەپۆڵی دەریای یادگاری. تاسەم ناشکێنێ کورتە بەهاری
دوێنێ لەکۆڕی. ڕۆحی رافزان. زیکرم ئینشابوو بۆ مەرگی خەزان
ئەمڕۆ وا غەرقی. گەڵای عومری خۆم هەر من بەتەنیام خەجاڵەت بۆخۆم!
***

لەناو ئیشراقی عورفی عیرفانی . وازبێنە لەژین لە دنیای فانی
هاکاو مەرگ هات ئەوەی بۆی مردی. سەفەری کردو وەفای نەهانی!
لەو ڕۆژەوەبوو تۆم کرد بەپەنا. کە ڕۆح بەنیگای تۆوە هەڵزنا
نەگەییم بە مۆم. بۆ عومری شەو کوێر. هەتاویش نەبووی ڕۆژی تاڵ و سوێر
هەر من بەتەنیام. دەفەم گرێئەدەم.. باسی چیرۆکی خەمی چڕ ئەکەم!
بەشێتی ئیملای جیایی دەنووسم. بەم حەی و حاڵەش شاریش پڕدەکەم!
هەر من بەتەنیام . هەرمن بەتەنیام. بەزیکر و حاڵیش بۆ ڕۆح بێ پەنام
هەرمن بەتەنیام . هەرمن بەتەنیام. تەنیایی چۆتە دڵی مەیتکام
سووچی خەفەتە. لێڵە خەڵوەتگام. چاوم بڕناکاو ڕێ ی کورتە نیگام!
تاریکە گۆشەم ژووری ئەحزانم. خەمە چی بڵێم زارو زوبانم!
ئەم چیرۆکەی من هەردوایی نایە . دڵم غەریبەو هەر بەتەنیایە
تەنیا بەتەنیام. هێند تاک و تەنیام

له تەنیایی دا هەروەکو خودام!
بژی بۆخۆت بەختیار بژی!
بێ ئەوەی کەپێی بزانی. ئۆباڵی عەشق لە ئەستۆتەو!،
عاشقێکی پاک ئەکوژی!
ئەو عاشقەی تا قسەیەکت لەگەڵ کرد. ئاسمانت هێنایە گژی!
کە لەگەڵ عەشقی تێکەڵ بووی. خوات کردە دۆست
پاڕایتەوەو وتت هەتا هەتا بژی!
ئێستاش هیوا خوازی ئەوەی بۆ ساتێکیش کەمتر بژی!
بژی بژی. بەختیار بژی..من"ناتوانم کاتژمێری کامەرانی ی تۆ ڕاگرم"
من ناتوانم جنەی بێ وەفایی بگرم!
من ناتوانم ئاسۆی بەخت و دەرگای کامەرانیت بگرم!
بژی بژی. تۆ زەوی خەندە باران کەو من چاوی پڕگریان ئەسڕم!

لەگەڵ چرپەی کەسێکی تر. وەنەوز بدە– بژی بژی.
وەکو ڕۆژگاری بێ وەفا. کە هەرجارەی هەورێ دێنێ!
لەگەڵ دەنگی یەکێکی تر. کات بەسەربە. بژی بژی
وەک عاشقێکی بێ مروەت. کە ڕووخساری هونەری لێبووک ئەنوێنێ!
لەگەڵ ڕەنگی خەونێکی تر. بە گوڵ بکە. بژی بژی
وەک زەمانە کە هەردەمێ و ڕەنگێکی نوێ دەنوێنێ!
لەگەڵ سبەی ڕۆژێکی تر. سەردابخە. بژی بژی
وەک گوڵەبەڕۆژەی سووتان. کە سەر بۆ هەر ڕۆژێکی نوێ دادێنی!
بژی بۆخۆت بەختیار بژی. بێ ئەوەی کە پێی بزانی
ئەوکەسەی ئەلفی زارت بوو تاوەکو یا غەریب غەریب بەتەنیا سەر ئەنێتەوە!
پێ مەزانە..! بژی گیانە. چۆن ڕقم لێت دەبێتەوە!
لەکاتێکا عەشقێکی پاکم لەکۆڵە.

من چۆن قین لەدڵ هەڵئەگرم
لەکاتێکا من بانگەشەی عەشق دەکەم..! چۆن خەونم دەبێتە تۆڵە!
هەموو دنیا. هەموو عومرم. بەشی خۆش ویستنێ ناکات!
مەحاڵە هیچ قینێکی ڕەش. خۆشەویستی پاک لانابات!
ڕقم لەکێ؟ قینم بۆچی؟ تۆڵە بۆ کەی!؟
بۆیەکێ خۆشم ویستبێ و
چاوی چرای شەوانی درێژم بووبێ!؟
بۆیە کێ سینگی بەرماڵی. سوژدەی عەشقی ئەبەدی ناونوێژم بووبێ!
بژی بۆخۆت.
خۆت بۆخۆت و منیش بۆخۆم!
تاهەتایە پرسیار لەبوونی تۆ ناکەم!
بەختیار بژی.

!تاسووتان و گڕیش بۆ بۆخۆم
!من تازە نوێژ لە بتخانەی تۆبێ نایکەم
بژی. بژی.
!بێ ئەوەی کە پێ بزانێ. خوێن و شیعرت پێم ڕێشتووە
!بێ ئەوەی کە پێ بزانێ عومری گەنجیت بردووە لێم
ئۆبالی عەشق لە ئەستۆتەو
تاڵاوی گەنجی و منالی و
!هەموو عومرت پێم چێشتووە
!عاشقێکی پاک ئەکوژی
!بژی . بژی..
!چۆن پەروانە شەمی یاری دەتۆرێنێ
!چۆن گوڵ. گەڵای دامێنی خۆی. بە دەستی خۆی دەوەرێنێ

بژی . بژی..!
چۆن گوڵ. لەکاتێک بەهارە. پایز. بۆ بەختی خۆی دێنێ!
هەروەکو چرای ترسنۆک کە ناوێرێ چرادانی
جورئەتی خۆی داگیرسێنێ.
بژی. بژی
بژی . بژی..!
هەروەکو زەمانەی زەلیل.
کە ناتوانێ چاوی بۆ ژیان هەڵهێنێ!
بژی . بژی..!
هەروەکو ڕۆژگاری چەپەر.
کە هەر رۆژەی لەسەر نەزمێ خۆی ئەنوێنێ.
بژی . بژی.

وەکو دنیای دڵی دۆلار.
کە بۆ کوشتن هەردەمێ و فتوایێ دێنی!
بژی . بژی..!
وەکو فەلەک. کە بۆ بەڵا
وانەی سۆزانی دەخوێنێ
وەکو عاشقێکی دۆڕاو.
کەبۆ بیرەوەری و سووتان سەردادێنێ!
بژی . بژی..!
بادڕک تەمەن درێژبێ و گوڵیش بمرێ
بۆ یادنامەی من بمێنێ!
بژی . بژی..!

باخەم هەر چۆن سەری خواردووم...!
خەمی تۆش دواییم پێ بێنێ!
بەختیار بژی...!
با درۆ راستی بکوژی!
بژی . بژی..!
بەختیار بژی.!
باهەق، بەناهەق بکوژی ..!
***